# دیدی باو  له وتاری دژه باوەکان له شیعری هاوچەرخی کوردیدا

## لێکۆڵینەوەی شیعریی

سەدیق سەعید ڕواندزی

★ ناوی کتێب: دیدی باو لە وتاری.... .

★ ناوی نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی.

★ بابەت: لێکۆڵینەوەی شیعریی.

★ نرخ: ١٠٠٠ دینار.

★ بەرگ: تەیب موعتەسیم.

★ نۆرە و ساڵی چاپ –یەکەم ٢٠٢١.

★ چاپ: کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانیّ.

★ ژمارەی سپاردنی (     ) لە کتێبخانە گشتییەکان پێدراوە.

# دیدی باو لە وتاری دژە باوەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

بێگومان لێکۆڵینەوە لە هەر قۆناغێکی شیعری کوردی و دەرخستنی ئەدگارە هونەریی و ئەدەبییەکانی، پێویستی بە ڕامان و هەڵوەستەکردنێکی وردوو ئاگایەکی زۆری مێژوویی و ئەدەبی هەیە. بۆ ئەوەی لێکۆڵەر نەکەوێتە هەڵەوە. کاتێ چەمکێك، یاخود شوناسێك لە ئەزموونی شیعری کوردیدا دەدەینە پاڵ شاعیرێك، ئەوا دەبێ لە پەراوێزی لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی و بەراوردکردنی بە ئەزموونی شاعیرانی تر، بە ئەرگۆمێنت ئەو شوناسە دەربخەین و بیخەینە ڕوو. بۆ نموونە: کاتێ باس لە دژە باوی شاعیرێك دەکەین، دەبێ ماکەکانی ئەو دژە باوییە بسەلمێنین، نەك لە پەراوێزی چەند شرۆڤەیەکی سادەی دێڕە شیعرییەکانییەوە، نموونەیەکی سادە و باو بێنینەوە و بۆچوونیشمان وا بێت کە ئەوانە دژە باون.

ئەگەر دژە باوی لە نێو واقیعی باودا، وەك خۆی مایەوە و هیچ  پرسیار و تێڕوانینێکی جیاوازی دروست نەکرد، مانای وایە جیاواز نییە. دژە باوی لە نێو واقیعێکی باو و داسەپاودا، نەك هەر ڕەت دەکرێتەوە، بەڵکو بە توندی دەکەوێتە بەریەککەوتنی هزریی و فەرهەنگیش. دژە باویی، شوناسێکی ئاسان و سادە نییە، تاکو بیدەینە پاڵ شاعیرێك بە بێ ئەوەی   بە ئەرگۆمێنت ساغی بکەینەوە، کە لە کوێ ئەو شاعیرە دژە باوە. دژە باوی، واتا ڕەت کردنەوەی هەموو ئەو نۆڕمە کۆمەڵایەتی و هزریی و ئایینی و ئایدۆلۆژییانەی، ڕەنگرێژی سەردەمێك دەکەن و بوونەتە  نەریتێکی باو لە کۆمەڵگەدا. ئەزموونی شیعری کوردی قۆناعی جیاوازی بڕیوە، لە کلاسیزمەوە بۆ ڕۆمانسییەت و ڕوانگە و دوای ڕاپەڕین و تاکو بە ئێستاش دەگات، بەڵام زۆر بە دەگمەن لەو قۆناغانەدا، ئەزموونی جیاوازی شیعریی جگە لە (نالی وگۆران) دەبینـین، یاخود شاعیرێکی دژە باو دەبینین، کە لە دەرەوەی تێڕوانینی گشتی بیر بکاتەوە و شیعر بنووسێت. بگرە لە هەندێ سەردەمدا،

شیعری کوردی لە ڕووی گوتار و دنیابینی و فۆڕم و ناوەڕۆکدا، ئەوەندە لە یەکتری نزیك دەبێتەوە، کە دواجار هەموویان هەڵگریی یەك گوتاری شیعرین. بۆ نموونە: ئەزموونی شیعری لە دوای نسکۆی شۆڕش و ناوەڕاستی هەفتاکاندا، ئەزموونێکە ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ستەمە نەتەوەیەیە کە لە کورد دەکرێت. ڕووبەرێکی گەورەی شیعری کوردی لەو سەردەمەدا، شیعریی بەرگریی و شۆڕشگێڕییە، کە دەچێتە خانەی جۆشدان و بزوێنەری هەستی نەتەوەییانەی مرۆڤی کورد، کە بە ڕوونی ئەمە بە گوتاری شیعری هەفتاکانەوە دیارە، کە تاکی کورد جۆرێك لە نائومێدیی و ڕەشبینی دایدەگرێت. بەڵام دوای ڕاپەڕین، قۆناغی ئازادیی و ڕزگاری نەتەوەیی دێتە ئاراوە، ئیدی ئەزموونی شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، بە گشتی دەبێتە ئەزموونێکی خودیی و چیتر ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نابێت، کە بەر لە ڕاپەڕین دەبینرا. کە واتا بە گشتی هەموو ئەزموونێکی شیعریی، ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی

**دیاریکراوە. ئیدی ئەزموونی نوێ و گوتاری نوێ دێتە ئاراوە. ئەو شاعیرانەی لە هەفتاکاندا، وەك هاوچەرخێك دەردەکەون، بە هیچ پێوەرێك ئەزموونی ئەوکاتییان بۆ ئێستا، ناچێتە خانەی نوێوە. بۆیە هەموو دەرکەوتە و سیمایەکی نوێ، ڕەنگدانەوەی قۆناغەکەیە. بێگومان ئەزموونی شیعریش لەمە بەدەر نییە. بۆیە کاتێ وتاری (دژە باوەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردی)م، خوێندەوە، وەك خوێنەرێکی ئاسایی شیعر، درکم بەوە کرد کە نووسەری ئەو وتارە، زۆر بە هەڵە لە دژە باوی گەیشتووە. بەر لە هەموو شتێك، دەبوو نووسەری ئەو وتارە دیاری بکات کە مەبەستی لە شیعری دژە باو، کام قۆناغی شیعرییە؟ چونکە گرنگە لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هەر قۆناغێکی شیعریدا، پۆلێنبەندی زەمەنی و مێژوویی بکەین. شیعری کوردی بە گەلێك قۆناغدا تێپەڕیوە، بۆیە دەبوو نووسەری ئەو وتارە، قۆناغە شیعرییەکەی دیار کردبایە. لەلایەکی دیکەوە، نووسەری ئەم وتارە، زۆر سەرپێی و ڕاگوزەر، وەسفی دژە باوی دەکات و دەیبەستێتەوە بە هەندێك دەرکەوتە**

و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ڕووکەش، بە بێ ئەوەی لە ئاستی هزریی و پاشخانی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیدا، لە مانا قووڵەکانی دژە باوی گەیشتبێت. ئەو لە پێناسەی دژە باویدا دەڵێت:_ ئەگەر بمانەوێت پێناسەی دژە باوی بکەین ئەوا:_(هەموو قسە و هەڵسوکەوتو داب و نەریت و یاسا و ڕێسا گەلێك لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەبن و خەڵکەکە پەیڕەوی لێ بکەن، ئەوە شتە باوەکانن، هەر کەسێکیش دژی ئەمانە بێت و پەیڕەوی نەکات ئەوانە دژە باون) لێرەوە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە نووسەری وتارەکە، چەند بە سادەیی لە ماهییەتی دژە باوی گەیشتووە. ئایا هەر کەسێك دژی نەریتێك، خاسیەتێکی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی گشتی و میللی وەستایەوە دژە باوە؟ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەزاران کەس پەیڕەوی ئایین ناکەن و نوێژ ناکەن، ئایا ئەوانە دژە باون؟ هەزاران کەس پۆشاکی کوردی نەتەوەیی خۆیان ناپۆشن و لاسایی ڕۆژئاوا دەکەنەوە و پەیڕەوی نوێترین مۆدێلی شێوە و جەستە دەکەن، ئایا ئەمانە دژە باون؟ هەزاران کەس یاسا جێبەجێ ناکەن، لە گڵۆپی

سوور دەدەن، ئایا ئەمانە دژە باون؟ ئەگەر دژە باوی لەو خاسیەتە بچووکانە کورت بکەینەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە نیوەی کۆمەڵگەی ئێمە دژە باو دەردەچێت کە لە ڕاستیدا وا نییە. دواتر ئایا دژە باوی لە شیعردا، هەمان ئەو دژە باوییە دەگەیەنێت کە لە ڕووبەرە کۆمەلاٌیەتی و میللییەکەی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە؟ لە ڕاستیدا، دژە باوەکان هەرگیز شوێن و جێگەیان لە نێو کۆمەڵگە نابێتەوە. دژە باوەکان وەك تەنێکی نامۆ، کە باوەکان بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژیان ودنیابینی خۆیان دەیانبینن، دژایەتی دەکرێن، ڕەت دەکرێنەوە، فڕێ دەدرێنە دەرەوەی بازنەی ژیان و بوونە گشتییەکە. هەر کاتێك دژە باوێك سەریهەڵدا، زۆر بە توندی بە گژی دادێنەوە، تا هەڕەشەی نەمانیش. کاتێ (عەبدولخالق مەعروف) کتێبێك دەنووسێت لە بارەی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردەوارییەوە، چونکە بۆچوونەکانی دژە باو بوون و لەگەڵ باوەکانی کۆمەڵگە یەکی نەدەگرتەوە، سەرەنجام بە ماوەیەکی کەم دوای بلاٌوکردنەوەی کتێبەکەی، شەهید کرا. دژە باوی، جیاواز کەوتنەوەیە

**لە بیرکردنەوە. هیچ دژە باوێك سەرهەڵنادات، ئەگەر مرۆڤ لە ڕوانین و بیر کردنەوەدا بە کردار دژە باو نەبێت. دژە باوی جیاواز کەوتنەوەی سیما و ڕوالەت و نماییشی جەستەیی نییە، بەڵکو بڕوابوون و پرەنسیپی هزرییە. دژە باوی تەنها دروشم نییە، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی بیرکردنەوە و ڕوانینە. مەگەر چەند ساڵێك لەمەوبەر، خانمە شاعیرێك ئیدیعای ئەوەی ناکرد کە دژە باوترین ژنە، کەچی دەرکەوت باوترین و کلاسیکیترین و میللیترین ژنی نێو کۆمەڵگەیە؟ ئەو شاعیرانەی نووسەر لە وتارەکەی خۆیدا بە نموونە دەیانهێنێتەوە، جگە لە (سەباح ڕەنجدەر)، هەموویان شیعریان لە نێو ئێمەدا خوێندراوەتەوە و هەزاران خوێنەر بە شیعرەکانییان لە کاتی خۆیدا سەرسام بوونە. لە کاتێکدا شاعیری دژە باو، هەرگیز نابێتە بەشێك لە ئەقڵی گشتی و میللی کۆمەڵگە. سەرنج بدەن، سەباح ڕەنجدەر وەك شاعیرێکی جیاواز نەك دژە باو، ئەزموونی شیعری چەند لە پەراوێزدایە، چەند دژایەتی دەکرێت، چەند ڕەت دەکرێتەوە، چونکە لەگەڵ**

بیرکردنەوە و ڕوانینی گشتی هاو کۆك نابێت. مەحاڵە شوێنی دژە باوێك لە نێو بیرکردنەوە و ڕوانین و ڕێسای باودا ببێتەوە. ئیدی من نازانم ئەو شاعیرانە لە کوێدا دژایەتی کران و ڕەت کرانەوە؟ ئەگەر هەڵوێستێك بەرامبەر ئەو شاعیرانە وەرگیرابێت، ئەوا لە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئێمە بووە لەوکاتدا، نەك لە ئەزموونی شیعری ناباو. مەگەر ئێستا لەتیف هەڵمەت وەکو هەفتاکان و هەشتاکان دەخوێنرێتەوە؟ ئەم شاعیرانە لە کوێدا شتێکی جیاوازیان نووسی، لە دەرەوەی ئەقلی باوی کۆمەلگە بێت؟ بە پێچەوانەوە جگە لە ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر کە ئێستاش بەردەوامە، هەریەك لە جەلالی میرزا کەریم و شاکەلی و هەڵمەت، وەك هەر شاعیرێکی دیکەی کورد، شیعر و دنیابینیان لە چوارچێوەی هەمان ئەو ئەزموونە شیعرییەدایە، بەلاّم بە ڕوانینی جیاواز کە لە دوای گۆرانەوە دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە تا ناوەڕاستی هەفتاکان. بگرە فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت، هەردووکییان زادەی یەك قۆناغ و زەمەن و

شوێن و ئەزموونی شیعرین، دواجاریش سۆفیگەری دەبێتە بەشێك لە گوتاری شیعرییان. تەنانەت بۆ چوونەكانیشیان زۆر لە یەكترییەوە نزیكە و خۆشیان بە ئەزموونێكی جیاواز لە ڕوانگە دادەنێن. ئەگەر دەنگی نوێش بن بۆ قۆناغ و سەردەمی خۆیان نوێ بوونە. یەكێك لە گرفتەكانی ئەو نووسینە ئەوەیە، كە وێرای ئەوەی بە زمانێكی سادە و ساكار، لە دەرەوەی زمانی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی نووسراوە، هاوكات بەر بۆچوونی سەیر و نالۆژیكیش دەكەوین، بە بێ ئەوەی نووسەری وتارەكە توانیبێتی لە ڕووی ئەرگۆمێنتییەوە، بۆچوونەكانی بچەسپێنێت یان ساغ بكاتەوە. لە گەلێك شوێنی وتارەكەی، بۆچوونەكانی پارادۆكسی گەورەیان تێدایە. ئەگەر ئەو شیعرانەی ئەو نووسەرە لەو وتارە درێژەی خۆیدا، بە نموونە هێناویەتییەوە وەك شیعری دژە باو بناسێنین، ئەوا جگە لە بێ ئاگایەكی گەورەی نووسەری ئەو وتارە لە ئەزموونی شیعری كوردی و دنیابینی شاعیرانی كورد، هیچی تر ناگەیەنێت. چونكە بەشێك لە شیعری ئەو شاعیرانەی ئەو بە نموونە

**هێناویەتییەوە، لە شیعری شاعیرانی پێشووتریش دەبینرێن. ئەگەر شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم کە بۆ شۆڕشی چواردەی تەمموزی نووسیوە، یاخود ئەو دیدە ئەنتەرناسیۆناڵییە بە نویٚ و دژە باو بزانین، کە لە بەشێکی شیعری ئەو شاعیرە داهێنەرە هەیە، ئەوا دەبیٚ گومان بکەین کە خالید عەبدل، لە مێژووی شیعری کوردی بە ئاگا بێت. لە بەر ئەوەی گۆران، زۆر پێشی جەلالی میرزا کەریم، شیعری بۆ شۆڕشی چواردەی تەمموز و چەپ و ئازادیخوزانی دنیا نووسیوە. ئیدی نازانم دژە باو چییە و چۆنە؟ ئەگەر گوتارێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، چەندین جار لە ئەزموونی شیعریدا، بە دنیابینی جیاواز ببینرێت، ئیدی مانای وایە تیمەیەکی باوە نەك نا باو. ئەو شیعرانەی نووسەری ئەو وتارە، وەك نموونەیەك بۆ دژە باوی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە تێگەیشتنی خۆی هێناویەتییەوە، نەك شیعری دژە باو نین، بەڵکو لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، نموونەی لەو شێوەیە زۆرە. دەبوو نووسەر، وردتر و بە نموونەی بەرجەستەیی**

زیاتر، ئەو تێزەی خۆی ڕوونبکردایەوە، کە دژە باوی چییە و ئەو شاعیرانە چۆن سەر قافڵەی شیعری دژە باون، نەك بە چەند ڕاڤەکردنێکی سادە و ساکار و چەند بۆچوونێکی دژ بە یەك، باسی ئەو شاعیرانە بکات. ئەو دەڵێت:_ ( هەریەك لەو چوار شاعیرە، شیعرەکانییان تۆزێك لە دەقەکانی پێش خۆیان گرانتر و کەمێکیش ئاڵۆزبوونە) ئەگەر دژە باوی پەیڕەونەکردنی ڕێسا گشتییەکان بێت، وەك ئەو لە پێناسەی دژە باوی دەینووسێت، مانای وایە، خۆی بۆچوونەکانی خۆی ڕەت دەکاتەوە. مانای چییە، شیعرەکان کەمێك ئاڵۆزتر و تۆزێکیش گرانترن لە شیعرەکانی پێش خۆیان؟ ئەگەر وابێت، ئەم شاعیرانە هیچ دابڕان و مەودایەکییان لە ڕووی شیعرییەوە، لە نێوان خۆیان و شاعیرانی پێش خۆیان نییە. ئەم بەردەوام دەبێت و ئەمجارەیان دەنووسێت:_( ئەم شاعیرانە نەیانهێشتووە ئاگری کودەتا دژە باوییەکەیان بکوژێتەوە و بەردەوام دیوەخانی شیعری خۆیان گەرم کردووە) شیعر، قسەی نەستەق و حیکایەت و گێڕانەوەی بەرئاگردان نییە، تاکو دیوەخانی

پێ گەرم بکرێت. شیعر و دیوەخان، ئاسمان و ڕێسمان دوور و دژ بە یەکترین. ئەگەر ئەمانە دیوەخانی شیعرییان بەردەوام جمەی هاتبێت ! مانای وایە باوترین شاعیرانی سەردەمن. بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانەی لە شیعری سەباح ڕەنجدەردەگەن. ئیدی نازانم نووسەر چۆنی بوێری ئەوەی هەیە بۆچوونی لەو شێوەیە دەربڕێت؟ لێرەدا، وەك خوێنەرێکی ئاسایی شیعر، لە بارەی ئەو شاعیرانە و بیر و بۆچوون و ڕوانینەکانی نووسەر دەربارەیان، چەند سەرنجێك دەخەینە ڕوو و بەراوردی یەکترییان دەکەین، بە مەبەستی دەرخستنی هەڵە و تێڕوانینی نا بابەتی بۆ ئەزموونی شیعر و ئەو شاعیرانەش. بۆ ئەوەی بزانین ئایا دژە باوی ئەم شاعیرانە، دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەو ناساندن و شرۆڤانەی نووسەر کە لە بارەی دژە باوی لە شیعردا، دەریان دەبڕێت و دواتریش بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرانەی دەبەستێتەوە؟

# جەلالی میرزا کەریم

بێگومان ئەگەر بە وردی لە سەر وتارەکەی خالید عەبدل بوەستین، دەبینین کە لە دووتوێی ئەو نووسینەیدا، هیچ پەیوەندییەکی بابەتی و ئۆرگانیکی لە نێوان ڕستە و دەربڕینەکان نییە. ئەو بۆچوونێك دەردەبڕێت، کەچی دوای چەند دێڕێك دژی ئەو بۆچوونەی خۆی دەوەستێتەوە. ئەم نووسینە لە ئاستی مانا و گوتاردا، نووسینێکی تێکەڵ و پێکەڵە و لە زۆر شوێندا پارادۆکسی گەورە، بۆچوونی نا واقیعی و نا لۆژیکی تێدایە کە دەلالەتە لەوەی ناوبراو بێ ئاگایە لە مێژووی شیعری کوردی، کە سەرەتایترین بنەمایە بۆ شرۆڤەکردنی ئەزموونی شیعری شاعیران و قۆناغەکانی شیعری کوردی. ئەو هەوڵدەدات بە هەندێك بۆچوونی سادە و دەربڕینی پەخشانییەوە، ئەوە بسەلمێنێت کە باسی دژە باوی لە شیعری هاوچەرخ دەکات، کە لە ڕاستیدا ئامانجەکەی نە پێکاوە. نووسەر لە بارەی

(جەلالی میرزا کەریم) ەوە دەنووسێت:_( لەناو دژە باوەکاندا، جەلالی میرزا کەریم پێشەنگە، یەکەم کەس بووە شیعری لەو جۆرەی نووسیوە، مۆرکی خەسڵەتی قۆناغی شیعری پاراستووە) دەپرسین، ئەگەر شاعیرێك مۆرکە گشتی و خەسڵەتەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی شیعریی بپارێزێت و شیعرەکانی وەك شاعیرانی تر ڕەنگدانەوەی قۆناغەکە بێت، دەکرێ بڵێن شاعیرێکی دژە باوە؟ لە کاتێکدا وەك باسمان کرد دژە باوەکان لە دەرەوەی بازنەی باون؟ گومانم هەیە ئەو نووسەرە بە وردی خەرمانەی شیعری ئەو شاعیرانەی خوێندبێتەوە، چونکە ئەگەر شارەزا بووایە، قسەی لەو شێوەی نە دەکرد. بۆ نموونە دەنووسێت:_( شیعری سەردەمی پاشایەتی زیاتر بەرە و خوازە چووە) یەکەم جارە وەك خوێنەرێکی شیعر، گوێبیستی دەستەواژەی ( شیعری سەردەمی پاشایەتی) دەبم! کە دیارە مەبەستی ئەو شیعرانەن، کە دەچنە ئەو سەردەمە سیاسی و مێژووییەوە. بەڵام ئایا شیعری سەردەمی پاشایەتی، یەك قۆناغ و یەك جۆرە شیعرە؟ سەردەمی پاشایەتی،

له ساڵی ١٩٢١ دەست پێ دەکات تاکو ١٩٥٨. بە درێژایی ئەو ماوەیە، شاعیرانی وەك:_( پیرەمێرد، بێکەس، گۆران، شێخ نوری، ئەحمەد موختار جاف، دڵدار، دڵزار، کامەران موکری) و زۆری تریش، دەردەکەون و بەرهەمی ئەو قۆناغەن و شیعریان نووسیوە. دواتر دەکرێ بڵێین ئەمە چ پەیوەندی بە جەلالی میرزا کەریمەوە هەیە، کە خۆی دەڵێت یەکەم شاعیری دژە باوە کە لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەم جار شیعری نووسیوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، ئەو نموونە شیعرییانەی خالید عەبدل، بۆ ڕاڤەکردنی شیعری ئەو شاعیرە دەیانهێنێتەوە، شتێکی ئەوتۆی دژە باویان تێدانییە. شیعرەکانی ئەو شاعیرەش، لە ڕووی فۆڕمی شیعرییەوە، دەتوانم بڵێم درێژکراوەی ئەو فۆڕمە شیعریەیە، کە گۆران داهێنەریەتی. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم شاعیرە، شاعیرێکی نوێ نییە. جەلالی میرزا کەریم، یەکێکە لە شاعیرە بە توانا و هاوکات گومناوەکانی شیعری کوردی. ئەم شاعیرە، کە لە دامەزرێنەرانی گرووپی ڕوانگەیە، لە هەفتاکانی سەدەی

ڕابردوودا، دەنگێکی دیاری شیعری کوردی بووە، بەڵام بە داخەوە لە بارەی ئەو شاعیرەوە هیچی ئەوتۆ نەنووسراوە، جگە لە هەوڵە جوان و بەرچاوەکانی هەردوو نووسەران ( عەتا قەرەداغی و سەباح ڕەنجدەر) کە ئەمەی دوایان کۆمەڵە شیعرەکەشی سەر لە نوێ بە پێشەکییەکی جوانەوە، کە جێگەی نرخاندن و پێ زانینە، چاپ کردۆتەوە. من نامەوێت لەم وتارەدا لە سەر ئەو شاعیرە بوەستم، چونکە نیازمانە بە سەربەخۆیی لە نووسینێکی تایبەتدا تیشکی بخەینە سەر. شیعرەکانی ئەم شاعیرە، لە بارەی نەتەوە و نیشتمان و خەمی مرۆڤ بە گشتییە. وشە و دەستەواژەی شیعری ناسك و جوان لە شیعری ئەو شاعیرە دەبینین. پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان زمان و باری دەروونی شاعیر هەیە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر زمانی دەربڕینی شیعرەکان هەبووە. ئەم شاعیرە، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، دەنگێکی دیاری هەفتاکانە، بەڵام دوای ئەوەی ئاوارە دەبێت و لە ئەمەریکا دەگیرسێتەوە، ئەزموونی شیعری ڕوو لە کزی دەکات و

پاش ڕاپەڕین کە دێتەوە کوردستان، بە داخەوە مەرگ مەودای نادات و دوو ساڵێك دوای ڕاپەڕین دەمرێت. شیعرەکانی ئەم شاعیرەش، بەشێکی زۆریان هاو شێوەی شاعیرانی ئەو کات، دەچنە خانەی شیعریی سیاسی و بەرگریی و خەمە گەورەکەی نیشتمان. خالید عەبدل لە وتارەکەیدا  لە بارەی ئەم شاعیرەوە، هەندێك بۆچوونی هەڵە دەرئەبڕێت، کە پێویستییان بە ڕاستکردنەوەیە. لەم بارەیەوە دەنووسێت:_( جەلالی میرزا کەریم پێشەنگی شاعیرە دژە باوەکانە، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ شیعری نووسیوە، کە پێشتر بەو تەکنیکە نەنووسراوە، ئەو لە شیعری (دوو چاوی) کە بە بۆنەی چواردەی تەمموززەوە نووسراوە دەڵێت:_

**ڕۆژی تازە لە خاك هەڵهات**

**لە کوختی پیاوی چەوساوە**

**لە تاریکی ڕەشی زیندان**

**لەو دایکە ڕۆڵە کوژراوە**

**بەیانی نوێ**

**خۆری هەڵهات**

بنووسی وتارەکە لە بارەی شیعری دووچاوی ئەم شاعیرە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:_( خۆر لەو دایکانە هەڵهات کە ڕۆڵەکانیان بە دەستی دیکتاتۆر کوژرابوون، ببوونە مەشخەڵی ئەو ڕۆژە. شاعیر لە شەفافیەتی شیعرەکی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، کە هەتا ئەو کاتە هیچ شاعیرێکی کورد بەو شێوازە شیعری نەنووسیوە، دوورە لە شێوازە شیعرییە باوەکانی ئەو سەردەمە، شێوازەکەی ئەم نەعەروزە نە جووت سەروایە بەڵکو ئازادە) هەر تەنها ئەو چەند پەرەگرافەی کە ئێمە لە نووسینەکەی ئەم نووسەرەمان وەك نموونە هێناوەتەوە، دەریدەخات کە ئەم بەڕێزە چ بێ گایەکی گەورەی هەیە لە شیعر و ئەزموونی شیعری کوردی. ئێستا، نەریتێکی خراپ لە نێوبەشێکی زۆری نووسەرانی ئێمە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وا دەزانن مەلای دوانزە عیلمن و لە هەموو شتێك دەزانن، کە لە ڕاستیدا وا نییە. بنووسی ئەم وتارە، لە ساڵی ١٩٥٨ وە باسی دیکتاتۆریەت دەکات. بە بڕوای ئەو، ئەو شیعرە لە دژی دیکتاتۆریەت بووە. بەوەدا دەردەکەوێت کە ناوبراو بێ ئاگایە لە مێژووی

سیاسی عێراق و کەچی قسەشی لە بارەوە دەکات. لە ساڵی ١٩٢١ تاکو ١٩٥٨ ، عێراق پاشاپەتی بووە، مێژووی دیکتاتۆریەت لە عێراق، لەگەڵ دەست بەکاربوونی بەعس و سەدامی خوێنرێژ لە تەمموزی ١٩٧٩ دوە دەست پێ دەکات. ئەمە مێژووە و دەبێ بیزانێت. ئیدی نازانم مەبەستی خالید عەبدل کامە دیکتاتۆرە؟ بۆچی ناوی نەهێناوە؟ لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر نووسینی شیعر بۆ چواردەی تەمموز بە دژە باوی بزانین، ئەوا گۆرانیش شیعری بۆ ئەو شۆڕشە نووسیوە و تەنانەت شیعرێکی هەیە کە لە هەمان ڕۆژدا نووسراوە. گۆران لەو شیعرەیدا دەڵێت:_

دەنگێکی دوور

دوور ئێجگار دوور

بە ئاستەمێك ئەگاتە ژوور

ئەی دەنگی دوور بە ئەستەمێك ئەگەیتە ژوور

ئاخۆ سپیت یان ڕەش یان سوور؟

(دیوانی گۆران_لا ٢٠٦)

بۆنەی چواردەی تەمموز، کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی و کۆنەپەرستی هێنا، بەو بۆنەیەوە، گەلێك لە شاعیرانی ئێمە شیعریان نووسیوە. جەلالی میرزا کەریمیش وەك هەر شاعیرێکی دیکە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریەتی ئەو ڕووداوە و ئەم شیعرەی نووسیوە. دواتر یەکێك لە هەڵە هەرە زەق و دیارەکانی ئەم نووسەرە ئەوەیە، کە بڕوای وایە تا ئەو کات واتا ١٩٥٨ ، هیچ شاعیرێك بە فۆڕمی ئازاد شیعری نەنووسیوە، بەڵکو بە عەروز و کێش و سەروا شیعر نووسراوە، بەڵام شیعری دوو چاوی جەلال، شتێکی نوێیە. هەرکەسێك ئەلف و بێیەکی سەرەتایی لە بارەی شیعر و ئەزموونی شیعرییەوە بزانێت، هەڵەی وەها ناکات. لای خالید عەبدل، شیعری ئازاد لە جەلالی میرزا کەریمەوە دەست پێ دەکات نەك گۆران ، کە ئەمەش داهێنانێکی تازەیە لە شیعری کوردیدا ! ئەم نووسەرە، ئەگەر کەمێك ئەرك بکێشێت و بگەڕێتەوە سەر دیوانەکەی گۆران، ئەو کات دەزانێت کە چۆن لە ساڵانی بیست و سییەکان، گۆران شیعری بەو فۆڕمە ئازادەوە نووسیوە و خۆشی

داهێنەری شیعری ئازادە لە مێژووی شیعری کوردیدا. دیوانی گۆران لە ڕووی فۆڕمی شیعرییەوە، پڕە لە نموونەی ئەو شیعرانەی کە خالید عەبدل وەك ئەرگۆمێنتێك بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی، لە بارەی شیعری دژە باوی کوردی دەیان هێنێتەوە. شیعری ئازاد لە گۆرانەوە دەست پێ دەکات و ئێستاش درێژەی هەیە. ئیدی نازانم چۆن ئەو باوەڕی وایە کە جەلالی میرزا کەریم، داهێنەری فۆڕمی شیعری ئازادە. ناوەڕۆکی هەردوو شیعرەکەی گۆران و جەلال، گوزارشت لە هەڵهاتنی خۆری نوێی شۆڕشی چواردەی تەمموز و واقیعێکی تازەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق دەکەن. ئەمەش بە بڕوای من شتێکی ئاساییە. شیعری ئەو قۆناغانە بە گشتی، ڕەنگدانەوەی هەڵومەرجی بابەتی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بووە. ئەمە نە دژە باوییە، نە جیاوازی. هەر لە درێژەی گوایە ڕاڤەکردنی شیعری دوو چاوی ئەم شاعیرە، نووسەری وتارەکە جلەوی بۆ خەیاڵەکانی شل کردووە و ئەمجارەیان دەنووسێت:_( جوانی ئەم شیعرە لەوە دایە، کە هیچ

بەشێکی بە سەر بەشەکەی تریدا زاڵ نییە) سەرنج لەو گوزارشتکردنە بدەن، زاڵبوونی بەشەکانی شیعر چ مانایەکی هەیە؟ بەڵام با بڵێین تا ئێرە ئاساییە، چەند دێڕێك دواتر، ئەمجارەیان دەنووسێت: _( شاعیر سوودێکی زۆری لە بەیەکەوە گرێدان وەرگرتووە، یەکێتی بابەت لە شیعرەکەدا هەیە و بوونی خۆی سەلماندووە) بێگومان یەکێك لە خەسڵەتە سەرەتاییەکانی نووسین، تەواوکردنی مانا و گەیاندنی ئاماژەیە، وەك چۆن ڕستە لە کۆمەڵە وشەیەك پێکدێت کە هەموویان واتایەك بە سەر یەکەوە دەبەخشن، نووسینیش هەمان شێوەیە. مانای چییە شیعرێك کۆپلەکانی لە یەکتری جیان و یەکێتی بابەتیشی تێدایە؟ شیعری نوێ، چیرۆك و ڕۆمان نییە، تاکو لە سەر یەك هێڵی گێڕانەوە بڕوات، شیعری نوێ، شیعری کلاسیك و چوارینە و غەزەل نییە، کێش و سەروای هەبێت و دێڕێك ئەوی تر تەواو بکات. شیعری ئازاد لە زۆر کاتدا، دەکرێ بە سەر یەکەوە بخوێنرێتەوە و هاوکات هەر وێنەیەکیش بە جیاواز. ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، پڕە

لە نموونەی ئەو شیعرانەی کە لە یەك کاتدا لە ڕووی کۆپلەییەوە و لە ڕووی کۆی بینای هونەری دەقەکەشەوە، دەتوانرێت بە جیاواز لە یەکتری بخوێنرێتەوە و ماناش بە دەستەوە بدات. ئەمە سیماییێکی شیعری هاوچەرخە. خاڵێکی دیکە هەر پەیوەست بە ناوەڕۆکی ئەم وتارەوە بە بڕوای من وەك خوێنەرێك ئەوەیە، کە ئەو شیعرانەی وەك نموونەی دژە باوی لە شیعری جەلالی میرزا کەریم هێناویەتییەوە، دەقی ئاسایین و هیچ ڕەهەندێکی دژە باویان تێدا نییە. بە گشتی شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم، شیعری نەتەوەیی و هەندێکیشیان ڕەنگدانەوەی هزری مرۆڤدۆستی و نێو نەتەوەیی و چەپ و بیری چەپخوازیی و یەکسانین. ئەگەر نووسینی شیعر، لە پێناو بیری چەپ و خەم و کێشەکانی مرۆڤدا بە دژە باوی بزانین، ئەوا گۆران دەبێتە دژە باو. بەشێك لە شیعرەکانی فایەق بێکەس لە سەردەمی خۆیاندا، دژ بە ئەقڵی دواکەوتوویی و دینی و لاهوتییە، کەسیش ناڵێت بێکەس دژە باو بووە. گوتاری شیعری ئەم شاعیرە، درێژ

دەبێتەوە تا کۆتا شیعری بەڵام بە تێڕوانینی جیاواز. دەنا لە ئاستی فەزا گشتییەکەی شیعر، دەتوانین بڵێین شیعری ئەو شاعیرە، یەکەیەکی نەپچڕاوە بە یەکتری. شیعرەکان بەشێکی ڕەنگدانەوەی واقیعێکی سیاسی و نەتەوەیی و شۆڕشگێڕین. هەر لە دەقی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام، تاکو شیعری یاد و یاقووت و شیعری وەرزەکان و پاشان شیعری ڕاپەرین و خەمێکی بێ کۆتایی) هەست بەو درێژبوونەوەی تیمەی شیعری ئەو شاعیرە دەکەین، کە دواجار ئەویش دەچێتەوە نێو فەزای شیعری هەفتاکان، کە بە کۆمەڵێك ئەدگاریی سیاسی و بابەتی و ئەدەبی دەناسرێتەوە. هەرە دیارترینییان، بە سیاسیکردنی شیعر و نووسینی شیعرە لە پێناو دۆزە سیاسی و نەتەوەیەکە، کە بەرجەستەکردنی گیانی نەتەوەیی و جۆشدانی هەستی شۆڕشگێڕیی و کوردایەتییە، کە بە گشتی ناوەڕۆك و گوتاری شیعری ئەو سەردەمە پێکدێنن. خالید عەبدل، لە کۆی وتارەکەی لە بارەی ئەو شاعیرەوە، تەنها دوو شیعر دەکاتە نموونەی دژە باوی لە شیعرەکانیدا و دواتر

هەر خۆشی لە میانەی باسکردن لەو شیعرانە، ئەو بۆچوونەی خۆی ڕەت دەکاتەوە. ئەو لە بارەی شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریمەوە بەردەوام دەبێت و ئەمجارەیان دەنووسێت:_( شیعرەکانی باسی شۆڕش و خەبات و سەربەستی دەکەن، ئاوێنەی سەردەمی خۆیانن) لە ڕاستیدا، هەر شیعرێك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی بوو، واتا شیعرێکە لەگەڵ ڕەوتی گشتی و بە ئاراستەی ڕوانین و بیرکردنەوەی جەماوەرەو ئەمەش مانای وایە دژ باو نییە و درێژکراوەی ئەو ئەقڵیەتە گشتی و بینینە گشتییەیە، کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. شیعری دژە باو، واتا شیعرێك لە دەرەوەی ڕوانینی گشتی. بێگومان مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە شیعرێك ڕەنگدانەوەی ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەی بێت، ئیدی بەهای شیعری نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە شیعری دژە باو، واتە پێچەوانەی باوی سەردەم. ئەگەر شیعرێك ڕەنگدانەوەی ئاوێنەی سەردەمی خۆی بێت، مانای وایە گوزارشت لە سەردەمە گشتییەکە دەکات. هاوکات دەبێ بزانین، باسکردن لە سەربەستی و شۆڕش

و خەبات، بابەتی نویٚ و نا باو نین لە شیعری کوردیدا، بەڵکو چەمکێکە لە شیعرەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و بە تایبەتیش لە شیعرەکانی قانع و بێکەس ، کە باسی سەربەستی و پێشکەوتن و ئازادبوون لە کۆت و بەندی زیندان دەکەن، دەبینرێن. کێشەی نووسەر ئەوەیە، کە نەیتوانیوە بە ئەرگۆمێنت دژە باوی لە شیعری ئەو شاعیرانە ڕوونبکاتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو هەندێك پرس و بابەتی دیکە بە شیعری ئەو شاعیرانە دەبەستێتەوە، کە پێشتر لە شیعری کوردی بوونییان هەبووە، بەمەش پووچەڵی ئەو تێزەی خۆی دەکاتەوە. بە نموونە: گیانی یاخیبوون، چەمکێك نییە لەگەڵ ئەو شاعیرانە هاتبێتە نێو ڕووبەری شیعری کوردی. بڕوام وایە شیعری قانع  کە باسی ئازادی و زیندان و نەفرەت لە نۆکەری بێگانە دەکات، پڕە لە گیانی یاخیبوون و داکۆکیکردن لە خود و ناسنامەی خود وەك تاکێك. ئەم تیمانە، لەگەڵ قۆناغەکانی شیعری کوردی، بەردەوام دەبن و دەبنە بابەتی شیعریی. بەشێکی زۆری شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم، باسی خەمەکانی مرۆڤ

و چەوسانەوە و ئازادی و شۆڕش و خەبات دەکەن. واتا دوا جار ئەزموونی ئەویش وەکو شاعیرێك، دەچێتە نێو ڕووبەری شیعری کوردی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، کە شیعری سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردووە. ئەم گوتارە درێژ دەبێتەوە تاکو ڕاپەڕین. شیعری کوردی لە زۆربەی قۆناغەکانیدا، ڕەنگدانەوەی ئاوێنەی سەردەمی خۆی بووە و گوزارشتی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و کەسی سەردەمەکەی خۆی کردووە. ئەم تایبەتمەندییانە، ناچنە خانەی سیمای دژە باوییەوە کە سەرەتا باسمان کرد، کە هەموو دژە باوییەك دەکەوێتە بەر هێرشی باوەکانەوە. نووسەر لە وتارەکەیدا، نموونەی ئەو شیعرەی جەلالی میرزا کەریم دێنێتەوە، کە باسی کارەساتی ڕۆژی شەشی ئەیلوول دەکات، کە تەنانەت ساڵەکەشی بە هەڵە نووسیوە کە (١٩٣٦) ی نووسیوە، بەڵام ڕووداوەکە لە ساڵی (١٩٣٠) بوو. ئەگەر ئەو شیعرە بە نموونەی دژە باوی بزانین، ئەوا دەبێ گۆران دژە باوتر بێت، چونکە گۆران و بیست و شەش ساڵ بەر لە جەلالی میرزا کەریم و لە ساڵی ١٩٣٢ شیعری بۆ

کارەساتی شەشی ئەیلوول نووسیوە. بە گشتی چەمکی ڕووداو، پانتایەکی گەورەی لە شیعری کوردی گرتووە و ڕووداوە سیاسی و کارەساتە نەتەوەیی و تراژیدییەکان، هەمیشە لە گەڵێك قۆناغی دیاریکراودا، بەشێك بوونە لە شیعری کوردی. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، نابێ ئەوەمان بیر بچێت، ئەگەر ئەم شاعیرە لە سەردەمێکدا ستایشی شۆڕشی چواردەی تەمموز و بیری چەپخوازی کردبێت، ئەوا دواجار لە شیعری (ڕۆژ ژمێر و ڕاپەڕین و خەمی بێ کۆتایی) شوناسی ئەم دەوڵەتەی عێراق، بە شوناسێکی قەحپە دائەنێت. کە ئەمەش ئەو پەڕی تووڕەبوون و حاشاکردنە لە دەوڵەتێك کە ناوی عێراقە. جەلالی میرزا کەریم لەو شیعرەیدا، پانۆڕمای ستەم و ئازاری نەتەوە و نیشتمان بەرجەستە دەکات و تا ئەو پەڕی، داکۆکی لە کوردبوون دەکات. بە بڕوای من شیعری ئەم شاعیرە، لە سەر ئاستی زمان و دەربڕینی وشەی شیعری، شیعری نوێن و ئستاتیکایەك لە زمانی ئەو شاعیرە دا هەیە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو زمانە ڕووت و واقیعی و ئایدۆلۆژییە نییە، کە لە شیعری هەفتاکاندا

دەبینرێت. لە زمانی شیعری ئەو شاعیرەدا، دەیان دەربڕین و دەستەواژەی شیعری جوان دەبینرێن، کە خالید عەبدل خۆی لێ بواردووە. جەلالی میرزا کەریم، بە بڕوای من بەوە دا نابێتە دژە باوی سەردەمی خۆی، کە شیعری بۆ حزبی شیوعی و چواردەی تەمووز و کارەساتی شەشی ئەیلوول نووسیوە، وەك ئەوەی نووسەری وتارەکە تێی گەیشتووە، بەڵکو بەو جوانکارییەی زمان و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمانی شیعریی و قۆناغەکەدا هەیە، نوێگەرێکی سەردەمی خۆی بووە. لە شیعری ئەم شاعیرەدا، چەندین وشەی شیعری جوان دەبینرێن، کە تا ئێستا لە شیعری نەوەی دوای ڕاپەڕینم نەبینیوە. زمانی شیعری جەلالی میرزا کەریم، لە سەد لاوە، جوانتر و پڕ ماناتر و داهێنەرترە، لە شیعری زۆربەی بەناو شاعیرە گەنج و بە ناو نەوەیەی دوای ڕاپەڕین و تەنانەت لە شاعیرە هاوچەرخەکانی خۆشی. بۆ نموونە: ئەم شاعیرە لە هەفتاکان، ئەم وشە شیعرییانەی بە کار هێناوە:_(لکاوی دیواری هۆش/ گەرووی زام/ ژەنگی تاوان/ چرپەی

تفت/ سیپارەی چڵك/ سنگی خەزان/ کێڵگەی زام/ دەوڵەتی قەحپە/ ئۆردووگای دڵ/ ساڵنامەی زوڵم/ کیشوەری مردن/ شڵپەی خوێن/ قردێلەی گوڵە گەنم/ سەوڵی پرچ/ نمەی چاو) ئەمانە و گەلێك وشەی تر، کە ئیستاتیکایەکییان بە شیعرەکانی ئەم شاعیرە داوە، وێرای ئەو پەیوەندییە سایکۆلۆژییەی لە نێوان زمانی شیعری و دەروونی شاعیر هەیە. ئێمە نامانەوێت، لەوە زیاتر لە بارەی ئەم شاعیرەوە بدوێین، کە خوا یار بێت پڕۆژەی نووسێنێکی داهاتوومانە. لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم، ئەگەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە، ڕەنگدانەوەی دەرد و ژانی میللەتەکەی بێت وەك ئەوەی نووسەر لە دەرەنجام نووسیویەتی، ئەوا بێگومان شاعیرێکی دژە باو نییە، چونکە شیعری شاعیرانی هەفتا بە گشتی، ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی نەتەوەیی ئێمەن.

## لەتیف هەڵمەت

خالید عەبدل، لە بارەی لەتیف هەڵمەتەوە دەنووسێت:_( ئەو بە کردەوەش دژە باو بوو، پرچی جیاواز دادەهێناو ڕیشی جیاواز دەتاشی) لێرەدا، دەردەکەوێت کە نووسەر دژە باوی بە ڕواڵەتی و ڕووی دەرەوەی مرۆڤ تێ گەیشتووە، نەك هزر و دنیابینی. ئەم بەردەوام دەبێت و دەڵێت:_( شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، جۆرە پەیام و گوتارێکن، تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بە ئاسانی لە شیعری یەکێکی تر جیا دەکرێتەوە، هەروەك خۆشی دەڵێت مەبەستی (لەتیف هەڵمەت)ە ناکرێت ئێمە شیعرێك بنووسین، لاسایی نالی و ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری بکەینەوە) با لەوە گەڕێین کە نەك لەتیف هەڵمەت، بەڵکو هیچ شاعیرێکی کورد، نەك ناتوانێت وەك ئەحمەدی خانی بنووسێت، بەڵکو لە گوتاری شیعری ئەو شاعیرانەش ناگات. چوار سەد ساڵ زیاترە، ئەحمەدی خانی وەك شاعیرێك و بناغەدانەرێکی ئەقڵی ناسیۆنالیستی کوردی،

دەخوێنرێتەوە و ماوەتەوە. لە کاتێکدا دەیان شاعیری هەفتاکان و هەشتاکان و تەنانەت دوای ڕاپەڕینیش، لە هزری خوێنەری کورد کاڵ بوونەتەوە و کەوتوونەتە پەراوێزی مێژوو. ئیدی نازانم لەتیف هەڵمەت چۆن بوێری ئەوەی هەیە بانگەشەی ئەوە بکات کە نایەوێت لاسایی مەحوی ونالی و خانی بکاتەوە؟ کە لە ڕاستیدا ناتوانێت نەك ئەوەی نەیەوێت. چ شاعیرێکی کورد هەیە، ئارەزووی ئەوەی نەبێت، وەك خانی و نالی بنووسێت و بناسرێت؟ دەکرێ بپرسین، کامانەن ئەو تایبەتمەندییانەی شیعری ئەو شاعیرە، بە ئاسانی لە شیعرەکانی تر جیا دەکەنەوە؟ ئەو تایبەتمەندییانە چین؟ سیما هونەرییەکانی کامانەن؟ ئەم بەردەوام دەبێت لە باسکردنی شیعری ئەو شاعیرە و دەنووسێت:_( لەتیف هەر لە هەنگاوی یەکەمییەوە هەوڵی بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ بووە، شتگەلێك کە داهێنانەکانی ئەویان زیاتر و جوانتر کردووە و هەموو کەسێك نایاندۆزێتەوە) مەبەستی نووسەری وتارەکە ئەوەیە، کە لەتیف هەڵمەت هەر لە سەرەتاوە بە شیعری

جیاواز دەستی پێ کردووە، کە کەسانی بەر لەو نەیاندۆزیوەتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، دژە باوییە وەك خالید عەبدل وەسفی دەكات. بە بڕوای من، ئەم نووسەرە کە من پێشتر وتارم نەبینیوە و ناوم نەبیستووە، یان ئاگادارییەکی کەمی لە شیعری کوردی و قۆناغەکانی هەیە، یاخود هەر لێی بێ ئاگایە. چونکە ئەگەر کەمێك پێشی ئەزموونی لەتیف هەڵمەت، سەیری ئەزموونی شاعیرانی تری بکردایە، قسەی لەو شێوەیەی نەدەکرد. لێرەدا ئێمە نموونەیەك لە شیعرێکی سەرەتای ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە دێنینەوە، کە بەرهەمی کۆتایی شەستەکانە، وەك خۆی لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ئاماژەی پێداوە، تاکو بزانین ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە خالید عەبدل پێی وایە لەتیف هەڵمەت داهێنەریتیان و باسییان دەكات؟ لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

من لە بەهاری هەموو جیهانا،
تەنها گوڵێکی زیوین ئەبینم
من لە ئاسمانی ساماڵی جوانا

ئەستێرەیەکی شیرین ئەبینم

من لە تەمەنی هەموو ژیانا

هەر یادگارییەکی دێرین ئەبینم

(لا٣٣٤_کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی)

ئەمە، نموونەیەکە لە شیعری ئەو شاعیرە، کە خۆی وتەنی بەرهەمی کۆتایی شەستەکانە. ئەگەر بە وردی سەرنج لە ناوەڕۆکی شیعرەکە بدەین، ئاخۆ چ تایبتمەندییەك دەبینین، لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، کە وەك هێمایەك بۆ ناسینەوەی ناوی ئەو شاعیرە لە شیعری کوردیدا ببینرێت؟ ئەو وشە و وێنە و دەربڕینە شیعرییانەی لەو شیعرەدا هاتوون، نوێ و تازە و پێشتر لە شیعردا نەبوونە؟ چ جیاوازییەك لە ڕووی فۆڕمی ئەو شیعرە و فۆڕمی شیعرێکی گۆران هەیە؟ گریمان ئەگەر ناوی لەتیف هەڵمەت بە سەر ئەو شیعرەوە نەبووایە، هیچ خوێنەرێك دەیزانی ئەمە شیعری ئەوە؟ گومان دەکەم خودی خالید عەبدل خۆشی بیزانیایە. وەلێ تەنها بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە شتێکی جیاوازتری نووسیوە، لە بارەی

ئەزموونی ئەو شاعیرانەوە، ئیدی قسەی گەورەی بێ ناوەڕۆك دەكات. وشەكانی (ئاسمان، ئەستێرە، تەمەن، یادگاریی، زیوین) نەك وشە و دەستەواژەی نوێ نین، بەڵكو لە شیعری چل و پەنجاكانی سەدەی ڕابردووش دەبینرێن. شیعرەكانی گۆرانی داهێنەر و نوێكەرەوەی شیعری كوردی، تەژین لەو جۆرە دەربڕینانە. ئەم وشانە لە ڕووی فەرهەنگی شیعرییەوە نە نوێن، نە لەتیف هەڵمەتیش داهێنەریانە، بەڵكو لە دوای قۆناغی شیعری كلاسیكییەوە، ئەو وشانە دەبنە بەشێك لە گوتارو فەرهەنگی شیعری شاعیرانی ئێمە. بۆ نموونە: گۆران لە شیعرێكیدا دەڵێت:_

بۆ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم
نیگارێ هەڵكەنم شێوەی لێت بچێ
تا هەر چەن گازی گرت لە لەش زنجیرم
ئازارم سووكتر كا خەیاڵی كچێ.
كە شۆخە و قژ زەردە و باڵا ڕێك و بەرزە
خەمخواری نە ناسە وەك فریشتەی عەرز

(دیوانی گۆران_ل١٦٤)

ئەم شیعرەی گۆران لە ڕووی فۆرمی شیعرییەوە، هاوشێوەی ئەو شیعرەی لەتیف هەڵمەتە، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە. لەم کۆپلە شیعرییەدا، چەند وێنەیەکی شیعری کە بە زمان گوزارشتییان لێکراوە، بە بەراورد لەگەڵ وشە شیعرییەکانی شیعری لەتیف هەڵمەت، کە خالید عەبدل پێی وایە هەر بە نوێ و جیاواز لە پێش خۆی دەستی بە شیعر کردووە، ئیستاتیکی تر و سەرنج ڕاکێشترن. بەشێکی زۆری شیعری گۆران، ئەگەر چی هەندێکییان وشەی عەرەبیان تێدایە، بەڵام لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆك و ڕیتم و مۆسیقای شیعرییەوە، ئەگەر لە پێشەوەی بەشێکی ئەزموونی شیعری هەفتاکان نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە هاوتەریبی ئەوانە. گۆران، لە چەندین دەقی خۆی، وشەی (ئەستێرە و بەهار و تەمەن و یادگاریی) بە کار هێناوە، ئیدی نازانم دەسپێکی ئەو وشە نوێیانە، بۆچی نوێن و تازەن لە شیعری هەفتاکاندا؟ نووسەر هەر لە میانەی وتارەکەیدا دەنووسێت:_( ناوەڕۆکی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، بریتین لە ( شانازیی،

پێشکەوتن، نەسرەوتن، ئاوات و ئامانج، ئەو بۆ نووسینی شیعر شێوازێکی هەڵبژارد و شیعری پێ نووسی کە بە ئاڵۆزیی بە خەڵکی نەفرۆشتەوە، بەڵکو بە سادە و ساکاری داویە بە گوێیان) ئەمە خۆی لە خۆیدا، ڕەت کردنەوەی بۆچوونی خۆیەتی لە بارەی دژە باویەوە. ئەگەر شاعیرێك بە سادە و ئاسایی شیعری نووسی و شیعری کردە بەشێك لە ڕوانینی میللی و جەماوەرییانەی خەڵك، ئیدی دژە باویەکەی لە کوێدایە؟ لە کاتێکدا وەك باسمان کرد، دژە باوەکان لە هیچ شوێنێکی باودا، جێگەیان نابێتەوە و ڕەت دەکرێنەوە. ئەگەر شاعیرێك بە ڕوانینی گشتی شیعری نووسی، لە ڕاستیدا دەبێ نیگەران بێت و بە ئەزموونەکەی دابچێتەوە، چونکە مانای وایە، لەگەڵ ڕەوتی باودایە. شیعر تۆپانێ نییە، تاکو جمهورێکی زۆری هەبێت. هەر شیعرێك سادە و ئاسان و بێ ئاڵۆزی خەڵك تێی گەیشت، مانای وایە گەردێك دژە باو نییە. لێرەدا مەبەستی ئێمە دژە باویەکەیە، نەك پێوەری شیعر و خوێنەر. چونکە شیعریش دوا جار بەشێکە لە

ڕەنگدانەوەی هەلۆمەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و جەماوەریی کۆمەلگە. ئەگەر شیعرەکانی لەتیف هەلمەت، وەك خالید عەبدل دەلێت، بێ ئالۆزی بگەنە خەلك، مانای وایە دژە باو نییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بە پێوەری ئەو بابەتانە بێت، کە لە ناوەڕۆکی شیعری ئەو شاعیرەدا هەیە، ئەوا دیسانەوە شیعری ئەو شاعیرە، درێژکراوەی ئەزموونی شیعری پێشووترە. ئەو بابەتانەی ئەو باسی دەکات، لە شیعری سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەبینرێت. مەگەر چ شاعیرێك هێندەی قانع، باس لە مرۆڤ و شکۆمەندی مرۆڤ دەکات لە شیعرەکانی؟ کێ ئەوەندەی بێکەس، باسی پێشکەوتن و تەمێ کردنی پاپا و دەست دانە عیلم و فەن دەکات؟ کێ ئەوەندەی زێوەر، هەولێ بۆ کۆمەلگەیەکی خوێندەوار دەدات ؟ ئەم بابەتانە لە بەشێکی زۆری گوتاری شیعری نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو دەبینرێت. ئەگەر وابێت، ئەوا دەبێ بلێین لەتیف هەلمەت شاعیرێکی دژە باو نییە، چونکە دژە باوی، لادانە لە واقیعی باو، هێنانە ئارای بابەتی تازە و دنیابینی تازەیە. بێگومان لە دوای

نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لە نیوەی دووەمی هەفتاکان، نائومێدی دەبێتە بەشێك لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی کورد. ئەو قۆناغە کە قۆناغی ڕەشبینی و خامۆشییە، کاریگەریەکی قووڵ لە سەر باری دەروونی مرۆڤی کورد جێدێڵێت. شیعری کوردی لەو قۆناعەدا، ڕەنگدانەوەی ئەو هەلۆمەرجە کۆمەلأیەتی و سیاسیەیە، بۆیە گوتاری شیعری کوردی، دەبێتە گوتاری بەرگریی و جۆشدانی کوانووی شۆڕش و ئەم گوتارە درێژ دەبێتەوە تاکو ڕاپەڕین، بەلأم بە ناوەڕۆك و گوزارشتکردنی جیاواز. شیعری لەتیف هەڵمەتیش، دەبێتە بەشێك لەو گوتارە. ئەزموونی ئەو شاعیرە، لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی، دەبێتە بەشێك لە گوتاری باوی شیعری ئەو سەردەمە. بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:_

ئەڕۆمەوە بۆ شارەکەم

بەس نییە لەشم تێکەڵی خاك و خۆڵی کوردستان دەبێ

بۆ هەر کوێم پەلکێشم کەن

دڵم دلۆپە بارانێکە و لووتکەی هەلگۆرد دەدۆزێتەوە

(دیوانی لە تیف هەڵمەت_ل_١٢٤)

هەروەها لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:_

ئەی دایکەکان دەستەکانتان ماچ دەکەم

منداڵەکان فێری خۆشەویستی بکەن

خۆشەویستی نیشتمان نیشتمان

ئەی دایکەکان

(دیوانی لەتیف هەڵمەت_ل_٣٦٥)

ئەم دوو شیعرە، دوو نموونەن لە شیعری ناوەڕاست و کۆتایی هەفتاکانی سەدی ڕابردوو. گوتاری هەردوو شیعرەکە ڕوون و دیارە. بابەتی خۆشویستنی خاك و نیشتمان و گۆشکردنی ڕۆڵەکانمان بە خۆشەویستی خاك، تیمەی سەرەکی شیعرەکانە. هەردوو شیعرەکە، دەلالەت لە خۆشویستن و پەیوەست بوونی شاعیر بە خاك و خۆڵی نیشتمان دەکەن. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هەردوو دەقەکە و بەشێکی زۆری شیعرەکانی دیکەی ئەو شاعیرەش، هیچ دژە باویەکییان تێدا نییە. ئەگەر لەتیف هەڵمەت بە دژە باویی و ڕێچکەی نوێی شیعری دەستی پێ کردبێت وەك ئەوەی خالید عەبدل دەیلێت،

ئەوا بۆچی شیعری ئەویش لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، دەچێتەوە نێو ڕووبەری شیعری هەفتاکان و بۆچی نەیتوانی ئەم دژە باوییە درێژە پێ بدات و شیعرێکی جیاوازتر لە شاعیرانی ئەو سەردەم، لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە بنووسێت؟ ئەمە بەو مانایە نییە، کە نووسینی شیعری نیشتمانی و بەرگریی، گرنگی خۆی نەبووبێت، بە تایبەتش لەو قۆناغەدا، کە قۆناغی نائومێدیی و ڕەشبینی و هەڵسانەوەیە، بەڵکو بەو مانایەیە، کە شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، هەڵگری یەك گوتار و یەك ئامانجە، بەڵام بە دنیابینی جیاواز، نەك بە فۆڕم و ناوەڕۆکی جیاوازەوە. چونکە هەڵومەرجە سیاسییەکە، واقیعێکی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە، کە شیعر ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە ڕەشبینی و نائومێدییە بێت. ئەم گوتارە لە شیعری لەتیف هەڵمەت، درێژدەبێتەوە تاکو زەمەنی دوای ڕاپەڕین، کە شیعرەکانی دەبنە هەڵگری جۆرێك لە گوتاری سۆفیزم. ئەم شاعیرە لە ئێستادا، نایشارێتەوە کە ڕووی لە سۆفیزم کردووە، تەنانەت هەرخۆی لەم وتارەدا

داوادەکات کە (خودا لە لاسارییەکان گەنجی ببووریێت) ئەمەش مانای جۆرێك لە پاشگەزبوونەوە لە هزر و ڕوانین و ئەو دژە باویە دەگەیەنێت، کە خالید عەبدل پێی وایە ئەم شاعیرە ڕچەشکێنی بووە. بەشێکی زۆری شیعرەکانی، تا دوا شیعری دیوانەکە، تا ڕادەیەك هەلگری یەك فۆڕم و ناوەڕۆکن، بە دنیابینی جیاواز, بگرە لە کۆتایی دیوانەکەیدا، هەندێك کورتە شیعر دەبینین نەك هەر سادە و ساکارن، بگرە سواوترین و باوترین شیعری کوردین و ئەزموونی بەشێك لە شاعیرە تازەنووس و بێ بەهرەکانمان، پڕن لەو جۆرە شیعرانە. نازانم ئەگەر شاعیرێك بە دژە باوی دەستی پێ کردبێت، چۆن دواجار پێچەوانەی ئەو دژە باویەی خۆی دەوەستێتەوە؟ لەتیف، لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت:

**عەشق لای من تێکەڵاوبوونی دوو جەستەیە**

**عەشق لای من**

**نەتدیوە چۆن لە ناو کوورەی ئاسنگەردا کڵپە و ئاسن**

**باوەش بەیەکدا دەکەن و تێکەڵ دەبن**

**(دیوانی لەتیف_لا ١٣٩٠)**

ئایا عشق تێکەڵاوبوونی دوو جەستە و توانەوەیە لە نێو یەکتری یان تێکەڵاوبوونی دوو ڕوحە؟ ئەوانە عشق لە جەستەدا کۆدەکەنەوە و دەبینن، ئەوانەن کە جەستەی ژن وەك موڵکی پیاو دەبینن و تەنها مەبەستییانە شتێکییان لەو جەستەیە، لە ڕووی چێژ و غەریزەوە دەست بکەوێت. بە بڕوای من وەك خوێنەرێك، ئەوەی لەو کۆپلە شیعرییەدا دەیبینین، دەربڕینێکی ئاسایە، کە ڕەنگە ڕۆژانە بە بەر دەیان وێنەی لەو شێوەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەوین. ئەم شیعرە، کە کۆتا شیعرە لە دیوانی لە تیف هەڵمەت و خۆی دەڵێت، ڕەنگدانەوەی نەبوونی زین و مەمێکە لە سەدەی بیست و یەك، هاوشێوەی ئەو شیعرەیە کە ئەو شاعیرە لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە، لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆك دەستی داوەتێ. هەر دژە باوییەك دوا جار نەبووە ئەزموونێکی سەربەخۆی شیعریی و لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە جیاواز نەکەوتەوە، مانای وایە دژە باو نییە. نموونەی ئەو شیعرانەی باسی خۆشەویستی و دایك و منداڵ و نیشتمان پەروەرەی دەکەن، لە شیعری قۆناغی

هەفتاکاندا، بێ شومارن. ئەمانە، نە نموونەی دژە باوین، نە گوتنێکی جیاوازیشن. ئەگەر خالید عەبدل پێی وا بێت شیعری ئەو کولەکانە دەشکێنم، نموونەی شیعری دژە باوییە و یەکەم دەقی لەو شێوەیە، ئەوا با بگەڕێتەوە سەر ئەو شیعرەی گۆران کە دەڵێت:_

بتم شکان دوو بتەوان

کوژران نەمان

چنگ لە سەر شان لە نیشتمان

ئێستا بە ڕاست بت پەرست نیم

سەربەست ئازاد ئازا ئەژیم

گۆران، ئەم شیعرەی لە تەممووزی ١٩٥٨ نووسیوە، ئەو بە ئاشکرا، هەوڵی تێکشکاندنی بیری بت پەرستی و یاخیبوون و سەربەستی ژیان دەدات. هەر لە درێژەی وتارەکەیدا و لە بارەی لەتیف هەڵمەتەوە، نووسەر دەنووسێت:_( لەتیف هەڵمەت، یەکەم دەقی کراوەی نووسیوە کە دەقی ئەو کولەکانە دەشکێنمە، لە دەقی کراوەدا شاعیر سەربەستە لە گەیاندنی پەیامەکەی) لە ڕاستیدا، گومان دەکەم ئەم نووسەرە بزانێت دەقی کراوە

یانی چی؟ خەسڵەتەکانی چین؟ دەقی کراوە، چۆن لە دەقی داخراو جیا دەکرێتەوە؟ بێگومان هیچ ژانرێك وەك شیعر، خەیاڵسازیی و دنیابینی سەربەستانەی نییە. نەك تەنها لە شیعری کراوەدا، بەڵکو لە شیعری کورت و شیعری ئاساییش، شاعیر تا ئەو پەڕی بێ سنووری، سەربەستە لە دەربڕین و بەرجەستەکردنی وێنەی شیعری. شیعر چیرۆك و ڕۆمان و حیکایەت نییە، لە سەرەداوێکەوە دەست پێ بکات و بگاتە کۆتایی ڕووداوەکان. بە پێچەوانەوە، لە شیعردا ئەو پەڕی سەربەستی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەو پێی وا بێت سەربەستی شاعیر مانای دەقی کراوەیە، ئەوا بە هەڵە تێگەیشتووە. دیارترین سیمای دەقی کراوە ئەوەیە، کە زۆرتر لە خوێندنەوەیەك و ڕاڤەکردنێك لە خۆ دەگرێت. مانا لە دەقی کراوەدا، بە کراوەیی دەمێنێتەوە. دەقی کراوە، خوێنەر لە بەردەم پرسیار و ڕامان و زۆرتر لە بینینێك ڕادەگرێت. بۆیە ئەو دەقە شیعرییەی ئەو بە نموونە هێناویەتییەوە، نەك دەقێکی کراوە نییە، بەڵکو وەك هەر دەقێکی ئاسایی شیعری

شاعیرێکی دیکە، مانا تەواو دەکات و لە کۆتایی شیعرەکەدا، فەزای دەقەکە دادەخرێت، هەر خوێنەرێکیش بە وردی شیعری ئەو کولەکانە دەشکێنم بخوێنێتەوە، هەست بەمە دەکات. بەشێك لەو تایبەتمەندییانەی ئەم نووسەرە داویەتە پاڵ شیعری ئەم شاعیرە و ناویشی لێ دەنێت دژە باو، بە هیچ شێوەیەك نموونە و ئاماژەی دژە باوی نین و بەڵکو هی شاعیرانی دیکەشن. بۆ نموونە دەنووسێت:_( لەتیف هەڵمەت وەك ئەندازیارێکی بە توانا، وشە لە جێی شیاوی خۆی دا ئەنێت) دژە باوی، ئەوە نییە شاعیرێك وشە لە شوێنی شیاوی خۆی دابنێت، چونکە ئەلف و بێ نووسینی سەرەتایی، کە منداڵ لە قوتابخانە فێری دەبێت، دانانی وشەیە لە سیاقی ڕستە و گەیاندنی مانای بابەتییە لە میانەی دەربڕیندا. مانای چییە شاعیرێك بۆیە دژە باوە، چونکە دەزانێت وشە لە جێی خۆی دابنێت؟ مەگەر مرۆڤ نەك تەنها لە شیعردا، بەڵکو لە زمانی میللی و ڕۆژانە و ئاسایی دەربڕینیشدا، هەوڵی ئەوە نادات وشە بە گونجاوترین و ڕێکترین شێوە، لە

شوێنی شیاوی خۆی دابنێت؟ قوتابییەك كە داڕشتن ئەنووسێت، مەلایەك كە خوتبە دەدات، فەقێیەك كە دەیەوێت فێر ببێت، هەمووان هەوڵی ئەوە نادەن، بە جوانترین و ڕێزمانیترین شێوە، وشە لە شوێنی شیاوی خۆی دابنێن؟ ئەم لێكدانەوانە، لێكدانەوەی نا بابەتین لە بارەی نووسینی ئەدەبییەوە. لەلایەكی دیكەوە، من نازانم ئەگەر نووسەرێك (ڕەمز) و (ئەفسانە) و (كەلەپوور) و (فۆلكلۆر) لە یەكتری جیانەكاتەوە، چۆن دەتوانێت لێكۆڵینەوەی درێژی ئەدەبی بنووسێت؟ .سەرنج بدەن هەر لە بارەی ئەم شاعیرەوە چی دەنووسێت:_( لەتیف هەڵمەت، لە بەكارهێنانی ڕەمزو ئەفسانەكاندا سەركەوتوو بووە و لە بیری نەكردوون، زۆر ڕەمز و ئەفسانەی وەك مزگەوت و ئادەم و كلێسا و پەرستگا وزەردەشت و عیسای بە كار بردوون) بە ڕاست، مزگەوت و كلێسا ئەفسانەن؟ حەوا و ئادەم و حەزرەتی عیسا، ڕەمزن؟ كلێسای مەسیحییەكان ئەفسانەیە؟ مەگەر دنیا پڕ نییە لە دەیەها هەزار كلێسا؟ ئەگەر ئەمانە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ناو بهێنرێن و

بناسرێنەوە، ئیدی نازانم ڕەمزیەتییان لە کوێ دایە؟ ئەگەر بە کارهێنانی ئەم وشانە لە شیعردا بە دژە باویی و دنیابینی فراوانی شیعری بزانین، دەبێ بڵێین کە فایەق بێکەس، سی ساڵ زیاتر بەر لە لەتیف هەڵمەت دژە باوبووە. چونکە فایەق بێکەس، لە سییەکانەوە باسی ئەوە دەکات کە ئەوروپا پاپای تەمێ کردووە و دەستی داوەتە عیلم و فەن، دەبێ ئێمەش چاو لەوان بکەین. ئەو لە سییەکانەوە شیعرێك دەنووسێت، کە بنەمای ڕۆشنگەریی و بینینی دنیا لە سەر ئەقلگەرایی دەکاتە پێوەر. شیعری کوردی بەدەر نەبووە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی لە نێو کۆمەڵگەدا بوونی هەبووە. بۆیە لە زۆرکاتدا، دەبێتە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ئەو واقیعە. ئەمەش نە داهێنانە، نە دژە باویی. خاڵێکی دیکە کە نووسەر لە وتارەکەیدا، دەیکاتە پێوەرێك بۆ دژە باویەتی لەتیف هەڵمەت ئەوەیە، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا چەند وشەیەك لە سەر یەکتری دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش هوشیارییەکی شیعری گەورەیە. لەوبارەیەوە نموونەی ئەو شیعرەی لەتیف دێنێتەوە:_

من هەر زیندووم

تا سەر زیندووم

مەرگ ئەکوژم من هەر زیندووم

دووبارەکردنەوەی چەند وشەیەك لە سەر یەکتریی، سیمایەکی هونەریی و ئاسایی دەقی شیعرییە. ئەم دووپاتکردنەوەیە، یان ڕەهەندێکی زمانەوانی هەیە، یاخود ڕەهەندێکی بابەتی، لە هەردوو ڕووەکەشەوە، بەشێکە لە بینای هونەری دەقی شیعری. ئەگەر دووپاتکردنەوەی وشە، بە داهێنان و دژە باویی و بلیمەتی بزانین، ئەوا دەبێ بڵێین گۆران لە هەمووان دژە باوترە. چونکە ئەو لە ساڵی ١٩٥٨، شیعرێکی نووسیوە، کە دووبارەکردنەوەی وشەی تێدایە. کاتێ دەنووسێت:_

دەنگێکی دوور

دوور ئێجگار دوور

به ئەستەمێك ئەگاتە ژوور

ئەی دەنگی دوور

(دیوانی گۆران_لا ٢٠٦ )

گرنگە لە خستنەڕووی هەر بۆچوونێکی ئەدەبی، بەرپرسیاریەتی فەرهەنگیی و مێژوویی هەڵبگرین. توێژینەوە لە شیعری شاعیرێك، ئەم شاعیرە ناکاتە دژە باو، ئەگەر بنچینەکانی دژە باوی لە شیعرەکانی نەبێت. ئەگەر گۆرانی شاعیر، دوو دەیە بەرلە لەتیف هەڵمەت، یان هەر شاعیرێکی کورد، شیعرێکی لەو شێوەیەی نووسیبێت، ئیدی نازانم دژە باوی ئەو شاعیرە، لە کوێ دایە و چییە؟ دوا جاریش دەڵێت:_(لەتیف هەڵمەت هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی جێگیری هەبووە) ئەگەر شاعیرێك هەڵوێستی جێگیری هەبێت و شیعر وەك بەشێك لە ئایدۆلۆژیا ببینێت، ئەوا شاعیرێکی دژە باوە، یان ئاسایی؟!

## فەرهاد شاكەلی

بە گشتی، چەند سیمایەكی هونەری لە شیعری كۆتایی شەستەكان و هەفتاكانی شیعری كوردی هەن، كە هاوبەشن و لە ئەزموونی زۆربەی شاعیران دەبینرێت و ڕەنگییان داوەتەوە. هەرە دیارترینیان، بیری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی و گوزارشتكردنە لە مێژووی نەتەوەیەكی چەوساوە و ژێر دەست, ئەم گوتارە لە شیعری كوردیدا، درێژ دەبێتەوە تا ڕاپەڕین، بەڵام بە دنیابینی جیاوازەوە. بۆ نموونە:_لە شیعری هەشتاكاندا، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لە شار دەنووسرێن و ڕەنگدانەوەی گیانی بەرگریی و شۆڕشگێڕیی و نەتەوەیین، سیمبول دەبێتە بەشێكی سەرەكی لە زمان. چونكە بە هۆی نەبوونی ئازادیی و ستەمی بەعس لەو قۆناغەدا، شاعیرانی كورد پەنا دەبەنە بەر سیمبول، بە تایبەتیش كە ئەو قۆناغە بە قۆناغی ڕەشبینی و نائومێدی دەناسرێتەوە. لەو قۆناغەدا ، شیعرەكان بە ئەندازەیەك هاوشێوەن، ڕەنگە بە ئەستەم خەسڵەتێكی

شیعری جیاواز، لە یەکتریيان جیا بکاتەوە. هەستانەوە و چاوەڕوانی، ئومێد و هەلاٌتنی خۆری ئازادی، دەبێتە تیمەی سەرەکی شیعری کوردی ئەو قۆناغە بە گشتی. بۆیە شاکەلی ئەگەر لە پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی بە دژە باویی و نوێگەرانەش دەستی پیٚ کردبێت، ئەوا دوا جار شیعری ئەویش بۆ ماوەیەك دەبێتە بەشێك لە فۆڕمی شیعری هەفتاکان، کە شیعری سیاسی و بەرگریی و یاخیبوونە. شاکەلی لە دیوانی پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنیدا دەلێت:_

**لە ناکاو**

**کورەی ئاگرکۆشك و دیوار وێران ئەکا**

**گلێنەی چاو دیمەنی ژیان ئەخواتەوە**

**(پ_ك_ن، چاپ دووەم ،لا ٢٧)**

کورەی ئاگر، هێمایە بۆ تووڕەبوون و تەقینەوەی ڕقی جەماوەر، دیوار و کۆشك، ئاماژەیە بۆ دەسەلاٌت و ستەم و بێدادی بەرامبەر بە مرۆڤی چەوساوە و هەژار. کۆشك دەلالەت لە پێگەی ژیانی ئەرستۆکرات و زەنگینەکان دەکات، کاتیٚ چاویش دیمەنی ژیان ئەخواتەوە، مانای

وایە سەر لە نویٚ ژیانیٚکی دیکە دیٚتە ئاراوە و ژیانی کۆن نامیٚنیٚت. ئەم دەربڕینانە، لە ئاستی زمان و دنیابینی شیعریدا، بە بڕوای من بەشیٚکە لە دنیابینی شیعری هەفتاکان بە گشتی.  بۆیە ئەم گوتارە لای شاکەلیش هەیە و ئەویش هاوشیٚوەی شاعیرانی ئەم قۆناغە، کەوتۆتە ژیٚر کاریگەریەتی ڕووداوکانی ئەو سەردەمە. ئەم کاریگەریەتییە، بە وردی لە دوو ساڵی دوای نسکۆ دیارە. شاکەلی لە شیعریٚکی دیکەیدا، کە لە شوباتی  ١٩٧٥ و چەند مانگیٚك دوای نسکۆی شۆڕش نووسیویەتی، دەڵیٚت:_

لە شەویٚکی تاریکەدا  جوانووی ئەوین هەڵمدەگریٚ

ڕووە و جیٚژوانی شین دەمبات

ڕووە و کیٚلگەی ئەوین دەمبات

دەڵیٚن کەرکووك پیٚناکەنیٚ ساوای بچووك پیٚناکەنیٚ

دەڵیٚن ولاٚت بیٚ ڕووبارە هەتاو بریندارە

کیٚ دەڵیٚ کوردستانی پەژارە و زام بسکی هەتاو داناهیٚنیٚ

لە دوای شەوی تاریك و ڕەش  ڕۆژی  زیٚڕین هەڵدیٚتەوە

## بەهاری شین دێتەوە ڕەوە تفەنگ بۆ هێلانەی گەرمی سەنگەردێتەوە.

ئەم شیعرەی شاعیر، کە ئێمە چەند کۆپلەیەکمان لێ نووسیوەتەوە، یەکێکە لە شیعرەکانی نیوەی دووەمی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. ئەگەر لە ئاستی ناوەڕۆکدا بڕوانینە ئەو دەقەی شاکەلی، دەبینین ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی سیاسی دیاریکراوە، کە تیایدا خامۆشی هەموو شتێکی گرتۆتەوە. شاعیر لە نێو ئەو هەموو شکست و نسکۆ و نائومێدییەدا، موژدەی هەڵهاتنی خۆرێکی تازە و قۆناغێکی تازە دەدات. شاعیر بە ئاشکرا بە گژ ئەو واقیعە دادێتەوە و بڕوای وایە، ڕەوە تفەنگ سەنگەر چۆڵ ناکات. پەیامی ئەو شیعرە، پەیامێکی سیاسی، شۆڕشگێڕیی و نەتەوەییە. وێرای ئەوەی پەیامی هەڵسانەوەیە و ئومێد دەبەخشێتە مرۆڤەکان. شیعر لەو کاتدا، چەکێکی دیکەی دەستی پێشمەرگە بووە. شاعیران بە شیعرەکانییان، هانی تۆخکردنەوەی بیر و باوەڕی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی گیانی نەتەوەیی و

نیشتمانی مرۆڤی کوردییان داوە. شاعیر لە نێو نائومێدییەکی گەورەدا، موژدەی هاتنەوەی ڕەوە تفەنگ بۆ سەنگەرەکان دەدات. کە دواتریش هاتنەوە و گەلی کورد خۆری ئازادی لێ هەڵهات و ڕاپەڕین دەروازەی ژیانێکی نوێی بۆ کورد کردەوە. ئەم فۆڕم و ناوەڕۆکە لە شیعری کوردی بە گشتی، گوتاری شیعری نیوەی دووەمی هەفتاکان پێکدێنێت، کە شیعر دەبێتە هەڵگری پەیامێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی. شاکەلیش وەك هەر شاعیرێکی دیکەی ئەو کات، کەوتۆتە ژێر کاریگەریەتی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەم و لە شیعرەکانیدا ڕەنگییان داوەتەوە. تەنانەت لە شیعرێکیدا، باسی ئەستێرەی سووریش دەکات، کە هێما بوو بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی ئەو سەردەم. ئەم گوتارە لە شیعری شاکەلی زۆر نا خایەنێت. ئەمەشە جیاوازی ئەم شاعیرە لەگەڵ شاعیرە هاوسەردەم و هاو قۆناغەکانی خۆی. شاکەلی، دوای ئەوەی دەچێتە شام و دواتریش ئاوارەی سوێد دەبێت و لەوێ دەگیرسێتەوە، دەتوانم بڵێم گوتاری شیعری سەد و هەشتا پلە دەگۆڕێت.

شیعری ئەو، چیتر شیعرێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی نییە، وەك ئەوەی لە شیعری شاعیرانی تر دەبینرێت. ئەم گۆڕانکارییە لە شیعری شاکەلی، دەرەنجامی جێهێشتنی و دوورکەوتنەوەیە لە کوردستان. گوتاری شیعری شاکەلی، ئیدی دەبێت گوتارێك، تەژی لە هەستی غەریبی و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان. شیعری ئەم شاعیرە، دەبێتە هەڵگری گوتارێکی دیکە، کە ئەویش ئەزموونی مەنفا و نوستالۆژیای گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان. ئەگەر سەرنج لە مێژووی نووسینی شیعرەکان بدەین، ئەو کات درك بە کاریگەریەتی مەنفا لە سەر ژیان و شیعر و دنیابینی شاکەلی بە قووڵی و لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورتدا دەکەین. شاکەلی، تەنها دوای دوو ساڵ لە جێهێشتنی نیشتمان، غەریبییەکی گەورە ڕووی تێ دەکات و لە شیعرێکیدا کە لە ئایاری ١٩٧٨ نووسیویەتی، زۆر بە جوانی هەست بەو غەریبوونەی شاعیر دەکەین. ئەو لە شیعرەکەیدا دەڵێت:_

**کچە زازایی گوڵهەنار**

**بۆنی دارستانت پێیە**

**بۆنی شار و گوندی کوردستانت پێیە**

**بۆنی زۆزان بۆنی گەرمیان بۆنی بارانت پێیە**

**( ك.ش_بلآچەیەك درز دەخاتە لا ٥٩)**

لەم شیعرەدا دەردەکەوێت، کە شاکەلی چۆن بیری لە بۆنی خاکی کوردستانە و بە تاسەی ئەو بۆنەوە کچە زازایەك دەدوێنێ. ئەم کچە لە یەك کاتدا، هێمایە بۆ کچی کوردستان و بۆ خاکێکیش کە ناوی کوردستانە.

ئەم گوتارە شیعرییە لە ئەزموونی شاکەلی، بە درێژایی ژیانی لە مەنفادا، لە وێنەی شیعری جیاواز، دەمێنێتەوە و دەبینرێت، تاکو دوایین شیعری کە لە ئابی ساڵی ١٩٩٠ و چەند مانگێك بەر لە ڕاپەڕین نووسیویەتی. شاکەلی لەو شیعرەیدا دەڵێت:_

**لەگەڵ زەردە پەڕی گشتساڵێکدا**

**کە کێوی سەربە تەمی تەمەنم تریفە باران دەکا**

**ڕوو لە ڕۆژهەلآت ڕادەوەستم**

**چاوەڕێی پەیکی خۆرهەڵاتێکی ترم**

ڕۆژهەڵاتی یەکەم، ئاماژەیە بەو ڕۆژهەڵاتنە فیزیکی و گەردوونییەی، هەموو بەیانییەك وەك کردارێکی گەردوونی دەست پێ دەکات و هەموو ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوە. ئەو ڕۆژهەڵاتە، بە مانای ئەو ڕۆژهەڵاتییەی بەیانییانە، کە شاکەلی لە سوێد دەیبینێت. بەڵام ڕۆژهەڵاتەکەی دیکە، ئاماژەیە بۆ کوردستان و دەنگ و باسی وڵاتی خۆی کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەك دایە، کە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. چونکە شاعیر بۆ ماوەی سیانزە ساڵ دوورە لە کوردستان و نیشتمانی خۆی. ئیدی هەموو بەیانییەك لە چاوەڕوانی هەواڵێکی کوردستان دایە. لە دوای ئەم شیعرەوە و کە ڕاپەڕین دەست پێ دەکات و کوردستان ئازاد دەبێت، ئەمجارەیان شیعری ئەو شاعیرە بەرە و دنیای جوانی ڕۆمانسییەت و شیعری دڵداری و دواتریش سۆفیگەری و پاشانیش نووسینی چەندین پەخشانی جوان دەچێت کە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە. شیعرەکانی شاکەلی، زمانێکی ئەدەبییانەی یەکجار جوان و سەرنجڕاکێشیان هەیە، کە

خوێنەر بە شێوەیەك بە دەقەکانەوە گرێ دەدات، کە ناتوانێت دەست بەرداریان بێت. ئەمە بە کورتی بەشێك بوو لە خستنە ڕووی ئەزموونی ئەم شاعیرە. ئێستا دێینە سەر بۆچوونەکانی خالید عەبدل، لە بارەی دژە باوی شیعری شاکەلی، تاکو بزانین چی دەڵێت و چۆن سەرنجەکانی دەخاتە ڕوو. نووسەر دەنووسێت:_( فەرهاد شاکەلی لە شیعرەکانیدا، شتە ناشرین و قێزەوەنەکان باس دەکات، کە ئەویش کردارە نا مرۆڤانەکانی ڕژێمە دژ بە گەل و نەتەوەکەی. شتە جوانەکان و شتە ناشرینەکان پیشانی خەڵك دەدات، تاکو خەڵك قینی لە شتە قێزەوەنەکان و دزێوەکان ببێتەوە) ئەم نووسەرە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، خۆی بۆچوونەکانی خۆی ڕەت دەکاتەوە. ئەگەر شاکەلی شاعیرێکی دژە باو بووە و بەو سەرەتایەوەش دەستی بە شیعر نووسین کردووە، چۆن هەمان ئەو ڕوانین و دنیابینیەی شاعیرانی دیکەی هەبووە ؟ ئەمە مانای وایە، شیعری ئەویش لە بازنەی ئەو شیعرە باوانەی ئەو کات و سەردەم دەرنەچوونە. ئەمە خۆی لە خۆیدا،

جەختکردنەوەی ئەو بۆچوونەی ئێمەیە، کە دەڵێین شیعری هەفتاکان، هەڵگری کۆمەڵێك ئەدگاری هونەریی و ئەدەبییە و بە گشتی تا ڕادەیەکی زۆر شاعیران دنیابینیان لە یەکتری نزیکە. یاخود گوتاری شیعرەکانییان هاوشێوەی یەکترییە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسی و شۆڕشگێڕیەیە کە گەلی کورد لەو قۆناغەدا، تیایدا ژیاوە. قۆناغێك کە پڕە لە ڕەشبینی و نائومێدی و چاوەڕوانی. قۆناغێك، کە کوردستان بە خامۆشییەکی کوشندەدا گوزەر دەکات و ڕژێمێك فەرمانڕەوایی دەکات، کە بێ بەهاترین و بێ نرخترین شت لای مرۆڤە. ئەگەر بە وردیش لە شیعری ئەو قۆناغەی شاعیرانی کورد بڕوانین، درك بەو ڕاستییە دەکەین. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەرکی شاکەلی و شیعرەکانی، ئامۆژگاریکردنی خەڵك و وەعزدان بێت، کە واتا نەك شاعیرێکی دژە باو نییە، بگرە شاعیرێکی زۆر ئاساییش بووە. شاعیر، واعیز نییە تاکو ئامۆژگاری خەڵك بکات و شتە قێزەوەن و ناشرینەکانییان پیشان بدات. ئەم تایبەتمەندییە، زۆر

بە ئاسانی لە شیعری سالانی سی و چلەکان و لە شیعری قانع و بێکەس و پیرەمێرد دەبینرێت. کاتێ شیعر ڕۆلێکی هاوشێوەی پەیام و هوشیاریی کۆمەلایەتی دەبینێت، بەلام لە شیعری هەفتاکاندا، شیعری کوردی چیتر ئەو ڕۆلەی نییە. ئیدی نازانم کامانەن شیعرە ئامۆژگارییەکانی شاکەلی، کە نووسەر پێی وایە خەلکی لێ ئاگاداردەکاتەوە. خالید عەبدل، هەر لە بارەی شاکەلییەوە دەنووسێت:_( هەتا ئەو ڕۆژگارە، هیچ شاعیرێکی کورد، جورئەتی ئەوەی نەبووە ناوی خۆشەویستەکەی بە تاکە پیتێکیش بنووسێت، بەلام فەرهاد دژە باوییەکەی لەوە دایە، کە ناوی خۆشەویستەکەی بە ئاشکرا بنووسێت کە ناوی ئەمەل بووە) بە داخەوە، دیسانەوە دەبی بلێین کە ئەو بەڕێزە هیچ ئاگای لە مێژووی شیعری کوردی نییە، دەنا بۆچوونێکی ڕەهای لەو شێوەیەی دەرنەدەبڕی. ئایا تا ئەو کات هیچ شاعیرێك، ناوی خۆشەویستەکەی نەهێناوە؟ مەگەر نالی، ناوی (حەبیبە) و وەلی، ناوی (شەم) و مەولەوی، ناوی (سەلمە) و پەشێو، ناوی

(کوردستان) ی نەهێناوە؟ با لەوانەش گەڕێین، هەر بۆ نموونە شێرکۆبێکەس، لە ساڵی ١٩٦٧ دا ، شیعرێکی بە ناوی (دیاری ئەمجارە) نووسیوە و پێشکەشی کردووە بە (ن). ئیدی نازانم ئەو نووسەرە ئاگاداری ئەو مێژووەیە یاخود نا؟ بڕوام وایە خودی شاکەلیش، لەگەڵ ئەو بۆچوونە نا بابەتی و سەیرانەی ئەو نووسەرە دا نییە. چونکە شیعری ئەو شاعیرانە، دەکرێ لە زۆر لایەنی دیکەی ئەدەبییەوە بخوێنرێنەوە، کە شوناسەکەیان زۆر لە شوناسی دژە باوییەکەی خالید عەبدل دیارتر و بەهادارترە. هەر بۆ نموونە: شیعری شاکەلی، شیعری هەموو سەردەمەکانە، شیعری هەموو زەمەنەکانە، خوێنەر هەرکاتێك بگەڕێتەوە سەر ئەم شیعرانە ، چێژی لێ وەردەگرێت. زمانی شاکەلی، زمانێکی تایبەتە، دەکرێ لە چەندین ڕەهەندەوە بخوێنرێتەوە. ئەو هێمنی و ئارامییەی لە زمانی شیعری شاکەلیدا هەیە تایبەتە، ئەمە وێرای ئەو هەموو جوانییەی لە وشە و دەربڕین و پەتییەی لە زمانی ئەو شاعیرە جوانووسەدا هەیە. هەموو شیعری شاکەلی بخوێنیتەوە، هەست بە

تووڕە بوونێك، گرژییەك، توندییەك ناكەی، ئیدی نازانم چۆن شتە ناشرین و قێزەوەنەكان لە شیعری شاكەلیدا جێیان دەبێتەوە؟ ئەو ئەگەر مەبەستی شیعرە بەرگرییەكانی بێت، ئەوا ئەم شاعیرە لەو جۆرە شیعرانەشیدا، بە هێمنی دەسووتێت و بە ئارامی دوژمنان ڕیسوا دەكات. بە بێدەنگی دیمەنی سووتماكی خاك و نیشتمانەكەی دەگوازێتەوە نێو شیعر و گوزارشتی لێ دەكات. هێدی هێدی، غەریبی مەنفا ڕوحی دەخوات و ئەو هەستەش لای ئەو ، دەبنە هەوێنی جوانترین شیعر، كە بۆ ئاگایی زیاتر، خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە ،سەر كۆمەڵە شیعری (بلاّچەیەك درزدەخاتە تاریكە شەوی تەمەنمەوە) و شیعرەكان بخوێننەوە. لە ڕاستیدا، ڕوونكردنەوەی چەمك و بابەتەكانی نێو ئەو نووسینە لەلایەن نووسەری وتارەكەوە، هێندە نا لۆژیكین ، كە خوێنەر سەیری پێ دێت ئەو چەمكانە، لە زمانی لێكۆلینەوەی ئەدەبیدا هەبن. بە داخەوە بەشێكی زۆر لەوانەی دەنووسن، جیاوازی لە نێوان ڕەهەندەكانی زمان لە نووسیندا ناكەن. بە زمانی

کشتوکاڵ، باسی ئەدەب دەکەن، بە زمانی بارزگانی، باسی چەمك و دەستەواژەکان دەکەن. هەر بۆ نموونە جارێکییان نووسەرێك نووسیبووی:_ ( ئەدەبیاتی هاوردە) ئەم نووسەرە، کە یەکێکیشە لەوانەی زۆر ستاییش دەکرێت، بەڵام وا دەزانێت ئەدەبیات (کوولەکەیە) تا هاوردە بکرێت ! خالید عەبدلیش لە نووسینەکەیدا، هێندێك چەمك شیدەکاتەوە، کە خوێنەر شۆك دەبێت. سەرنج بدەن، هەر لە بارەی شیکردنەوەی دێڕە شیعرێکی شاکەلیدا، چی نووسیوە:_(وشەی بیر دوو مانای هەیە، یەکەمییان بۆ بیرۆکەیە، دووەمییان واتا بیری ئاو، بیری نەوت، بیری کانزاکان) تاکو ئێستا کە هەزارەها لاپەڕەم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خوێندۆتەوە، بۆچوونی کۆمیدی لەو شێوەیەم نەبینیوە، کە نووسەرێك بیر و هزر، لەگەڵ بیری ئاو و بیری نەوت، بە یەکەوە بناسێنێت. لێرەوە ئەو بۆچوونەی ئێمە دەردەکەوێت ، کە کەسانێك چۆن بە زمانی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و ئاودێری، باسی ئەدەب دەکەن. کەسێك ئاگای لە دنیای

ئەدەب هەبێت، پێناسەی لەو شێوەیە ناکات. وشەکان چونکە هەردووکییان لە ڕووی نووسینەوە وەك یەکن، ئیدی خالید عەبدل وا دەزانێت دەکرێ بە یەکەوەش شیبکرێنەوە. هەڵبەتە (بیر) کە شتێکی نا بەرجەستەییە، هیچ پەیوەندییەکی بە ( بیر) ی ئاوەوە نییە، کە شتێکی بەرجەستەیە و دەبینرێت و دەناسرێت. بەڵام بیری نێو مێشکی مرۆڤ، شتێکی نا بەرجەستەییە، نە دەبینرێت، نە وێنا دەکرێت. تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیشدا، ئەم دوو وشەیە ماناکەیان هیچ پەیوەندییەکییان بە یەکتریەوە نییە و لە ڕووی نووسین و سپێڵەوە، جیان لە یەکتری. لە زمانی ئینگلیزیدا، بە بیری نێو مێشك دەگوترێت (idea) و بە بیری ئاو، کانزا و نەوتیش دەگوترێت (well). واتا ماناکانییان لە ڕووی بابەتی و نێوەڕۆکەوە ئەوەندە لە یەکتری دوورە، کە هیچ پەیوەندییەکییان بە یەکترییەوە نەبێت. ئەم جۆرە پێناسە و ڕاڤەکردنانە، نیشانەی هەژاری هزریی و زمانی نووسین و گوزارشتکردنە لە دنیای شیعر و ئەدەب بە گشتی. هەر

لە بارەی شاکەلییەوە، ئەم نووسەرە بەڕێزە دەنووسێت:_( فەرهاد شاکەلی نەیویستووە بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکانی خوێنەرەکانی ماندوو بکات، بە زمانە سادەکەی پەیامی قووڵ دەردەبڕێت) ئەگەر شاعیرێك لە ڕێی زمانێکی سادەوە ، بێ تێگەیشتنی قووڵ و بیرکردنەوە و ڕامان لە شیعر، هەوڵبدات خوێنەرەکانی ڕازی بکات، دەکرێ بڵێین لە بازنەی شاعیرەکانی تر دایە یان دژە باو؟ ئەگەر بەو پێوەرە بێت، دەبێ هەموو کەسێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە بگات و ئەمەش مانای وایە، شاعیرێکی بژاردە و دژە باو نییە. چونکە وەك گوتمان، دژە باوی لە دەرەوەی هەموو جۆرە ڕوانینێکی باوە. لە ڕاستیدا، پێناسەی ئەم نووسەرە بۆ چەمك و دەستەواژەکان، هێندە سەیر و سەمەرەن، کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی و جیهانیشدا، وێنەیان نییە. سەرنج بدەن، چۆن پێناسەی ڕەمز دەکات و چۆن لە ڕەمز گەیشتووە. ئەو لە بارەی ڕەمزەوە دەنووسێت:_ ( ڕەمز بە کاربردنی وشەیەکە شتێك کە هەیە، ڕستەیەك لە بارەی بوونەوەرێکەوە) ئایا ڕەمز بوونەوەرێکە؟ لە

شیعری کوردیدا و له ئەزموونی هەموو شاعیران، شاخ ڕەمزێکە بۆ خۆڕاگریی و نەوای شۆڕش، ئایا شاخ بوونەوەرە؟ ناکرێت کەسێك ئەمە تێگەیشتنی بێت بۆ ئەدەب، کەچی بوێری ئەوە بکات، نووسینی درێژ بە ناوی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بنووسێت. شتێك ئەگەر لە واقیعدا هەبێت و ببینرێت دەبێتە ڕەمز؟ ئەگەر شتەکان بە ڕاستەوخۆیی ببینرێن و گوزارشتییان لێ بکرێت، پێویستیمان بە ڕەمز دەبێت؟ ئەگەر وا بێت ئێستا شتێك نەدەبوو بە ناوی ڕەمز. بە داخەوە ئەم جۆرە لە ناساندن و تێگەیشتن لە چەمك و زاراوە ئەدەبییەکان، نیشانەی نەبوونی ئاگایی و هوشیاریی نووسینە لە بواری شیعر و ئەدەبدا.

## سەباح ڕەنجدەر

لەم نووسینە درێژەی خالید عەبدل، دنیایەك هەڵەی زەقی بابەتی و مێژوویی و ئەدەبی هەن، بەڵام هیچ کامییان بۆ من وەك خوێنەرێکی شیعر، بە قەد ئەو هەڵەیە، مایەی لە سەر وەستان و هەڵوەستەکردن نەبوو، ئەویش کاتێ ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر، دەبەستێتەوە بە ئەزموونی سێ شاعیرەکەی تر. لە ڕاستیدا، نە لە ڕووی تەمەن و ئەزموونی شیعریی و نەوەی شیعرییەوە، نە لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆك و گوتاری شیعرییەوە، بچووکترین ڕایەڵیش نادۆزینەوە کە شیعری سەباح ڕەنجدەر، لە هەر سەرێکەوە بێت، بباتەوە نێو ئەزموونی ئەو سێ شاعیرە. کە ڕەنجدەر لە دایك بووە، ئەم سێ شاعیرە شیعریان نووسیوە و دیوانییان بڵاوکردۆتەوە، ئیدی نازانم خالید عەبدل، چۆن دەنووسێت:_ (ئەم سێ شاعیرە ڕێیان بۆ سەباح ڕەنجدەر خۆشکرد) ئەزموونی شیعری ڕەنجدەر، ئەزموونێکی تایبەتە، کە تێگەیشتن لە دنیای شیعری

ئەو، مەعریفەیەكی زۆری دەوێت. لە دوای زێوانەوە وەك یەكەم بەرهەمی شیعری ئەو شاعیرە، تاكو دواین بەرهەمی كە سەرەتا وشە بوو، ئەو ئەزموونە بە كەمی دەخوێنرێتەوە، لێی دەدرێت، دژایەتی دەكرێت، هەوڵی نا دیدەگرتنی دەدرێت، لە پای ئەوەی كە شیعرەكانی ئەو لەو جۆرە شیعرانە نین كە خوێنەری كورد بە گشتی پێیەوە ڕاهاتووە. ئەگەر بڕیار بێت دژە باوەكان دیاری بكەین، ئەوا بە بڕوای من سەباح ڕەنجدەر وەك ئەزموونێكی تایبەتی شیعر (نەك دژە باو) تاكە شاعیرە لە كۆی سێ شاعیرەكەی تر، كە شیعرەكانی ناچنە نێو بیركردنەوە و خوێندنەوەی باو. بۆیە گەلێك جار دەبینین، كەسانێك شیعرەكانی ئەو، بە لادان لە ڕەوتی شیعری كوردی ئەزانن. چونكە لە بنەڕەتدا لەگەڵ دنیابینی و خوێندنەوەی ئەواندا یەك ناگرێتەوە. هەر ئەزموونێكی شیعری، هەر نوێگەریی و دیاردەیەك، بە ئاسانی لە نێو بازنەی باودا شوێنی بووەوە و پێگەیەكی گرت، دەبێ بزانین كە بچوكترین مۆركی دژە باوی تێدا نییە. دژە باوی، بەرهەمی بیركردنەوەی جیاواز و

ڕوانینی جیاوازە، کە دوا جار لە دنیابینی شاعیر ڕەنگدەداتەوە.  خالید عەبدل لە بارەی ئەم شاعیرەوە دەنووسێت:_( هەرچەندە دژە باو گەلێك پێش ئەم هەبوون و ڕێیان بۆ خۆش کردبوو) ئەگەر بەم ڕوانینە بێت، ئەوا دەبێ بڵێین کە ئەزموونی ڕەنجدەر درێژکراوەی ئەزموونی سێ  شاعیرەکەی ترە، یاخود دژە باویەکەی ئەم، درێژە پێدەری دژە باوی شاعیرانی ترە. هەڵبەتە،  کە ئەو شاعیرانە شیعرییان نووسیوە، ڕەنجدەر هێشتا لە دایك نەبووە، لە ناوەڕاستی هەفتاکانیشدا، کە ئەزموونی ئەو سێ شاعیرە شوناسێکی ناسراو وەردەگرن، ڕەنجدەر تەمەنی نزیکەی دە ساڵێکە. ئیدی نازانم چ پەیوەندییەکی شیعری، زەمەنی، مێژوویی، لە نێوان سەباح ڕەنجدەر و ئەم سێ شاعیرە هەیە؟ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، ئەزموونی ئەم شاعیرە، لە هیچ ڕوویێکەوە  ناچێتەوە سەر ئەزموونی سێ شاعیرەکەی تر. بە تایبەتیش لە ڕووی زمانەوە. زمانی شیعری ڕەنجدەر،  زمانێکی سڕك و ئاڵۆزە و لە فۆڕم و دەربڕیندا بە ئاسانی ناخوێنرێتەوە. لە کاتێکدا

زمانی سێ شاعیرەکەی تر، زمانێکی ئاساییە و دەشێ لە ڕێگەیەوە بە ئاسانی بە مانا بگەین. لە ئەزموونی ڕەنجدەردا، مانا ونە، ئەو ون بوونە، بەشێکە لە هەوڵدانی بۆ گرێدانەوەی خوێنەر بە دەق و ڕامان و قووڵبوونەوە، کە بێگومان ئەویش پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی ڕۆشنبیری هەیە. لێرەوەش سەباح ڕەنجدەر، دەبێتە شاعیرێکی بژاردە. بژاردە بەو مانایەی، کە من ئەو خوێنەرانەی لە شیعری ئەو بگەن. واتا زمان لە شیعری ئەو شاعیرەدا، دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە مانایەکی قووڵ. لە شیعری ئەم شاعیرەدا، مەعریفەیەکی گەورە لە بواری ئایینی، ئەفسانەیی، مێژوویی هەیە. هەر خوێنەرێك شیعرەکانی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە، دەزانێت کە ڕەنجدەر، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە پاشخانێکی گەورەی ڕۆشنبیریی هەیە. کەم شیعری ئەو هەیە، لە پەراوێزییەوە ئەفسانە و ئایین و دالە شیعرییەکان نەبینین. ئەزموونی ڕەنجدەر، ئەزموونی چێژ نییە، وەك ئەوەی لای خوێنەری کورد، دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو دنیای شیعر، بەڵکو

ئەزموونی مانایە بە فەلسەفەیەکی زمانی قووڵ. لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا، زمان زۆرتر لە ڕەهەندێك و مانا زۆرتر لە سنووریێکی هەیە. هەر خوێنەرێك شیعری ڕەنجدەر بە هەمان میتۆدی خوێندنەوەی شاعیرانی دیکە بخوێنێتەوە، ئەوا لە شیعری ئەو شاعیرە نەگەیشتووە، وەك ئەوەی خالید عەبدل کردوویەتی. لای سەباح ڕەنجدەر، وشە خۆی بەشێکە لە مانایەکی سەربەخۆ. بە بڕوای من هەرگیز شیعری ڕەنجدەر، بەو تێگەیشتنە مانابییە ناخوێنرێتەوە، کە ئەم نووسەرە شیعری سێ شاعیرەکەی تری پێ خوێندۆتەوە. چونکە لە ئەزموونی ئەودا، مانا شاراوەیە، زۆرتر لە ڕەهەندێکی هەیە. ئەو کە باسی گوند دەکات، خۆ مەبەستی ئەو گوندە جوگرافی و دیمۆگرافی و سرووشتییە نییە، کە خالید عەبدل باسی دەکات، بەڵکو مەبەستی گوندی نێو دنیابینی شیعری خۆیەتی. هەڵەیە وا بزانین وشەی شیعری لای سەباح ڕەنجدەر، هەمان ئەو مانا ئەبستراکت و دیاریکراوەی هەیە، کە زمان پێی دەناسرێتەوە. ئەگەر بەم ڕوانینە بێت، ئێستا هەمووان

له شیعری ئەو شاعیرە دەگەیشتن. كە لە ڕاستیدا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانەی لە شیعری ڕەنجدەر دەگەن. هەر وشەیەك لە شیعری ڕەنجدەردا، مانایەكی دیكەی لە دەرەوەی مانای دیاریكراوی خۆی هەیە. سەباح ڕەنجدەر، ئەزموونێكی شیعری تایبەتە و لە زێوانەوە دەست پێ دەكات، تا سەرەتا وشە بوو بەردەوامی هەیە. ئەم بەردەوامیییە، ڕەنگدانەوەی ئەو زمان و جیهانبینییە شیعرییە تایبەتەیە، كە ئەم شاعیرە هەیەتی و تا ئەو جیهانبینییەش بەم ڕوانینە جیاوازە بەردەوام بێت، ئەم ئەزموونەش بەردەوام دەبێت. ئێستا دێینە سەر لێكدانەوەكانی خالید عەبدل، لە بارەی ئەم شاعیرەوە. نووسەر دەنووسێت:_( هاتنە كایەی سەباح ڕەنجدەر پێویست بوو بە تایبەتی بۆ خاسییەتی ڕۆمانە شیعر) بە بڕوای من، زێوان ڕۆمانە شیعر نییە، بەڵكو قەسیدەیەكی درێژە، كە لە بەرای هەموو شتێكدا، گوزارشت لە هەناسە و پشوو درێژیی ئەم شاعیرە لە نووسینی شیعردا دەكات، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە شاعیری تر هەبوونە لە

شیعرەکانییاندا، بەر لە ڕەنجدەر، خاسییەتی ڕۆمانە شیعر لە شیعرەکانییاندا هەبێت. بۆ نموونە:_(دوو سروودی کێوی شێرکۆبێکەس) کە لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا نووسراون. نووسەر بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:_( شاعیر بە بەراورد لەگەڵ هاوسەردەمەکانی، ناونیشانێکی ئاسایی لە هەموو ڕوویێکەوە ئاسایی بۆ شیعرەکەی هەڵبژاردووە) مەبەستی لێرەدا (زێوان) ە، کە ناوی یەکەم کۆمەڵە شیعری ئەم شاعیرەیە. زێوان، نەك هەر ناونیشانێکی ئاسایی نییە، بگرە زۆر ئاڵۆزیشە. ئێستاش بە هەزاران کەس، تەنانەت لەوانەی شیعریش دەنووسن، نازانن وشەی زێوان مانای چییە؟ ئیدی نازانم ئەم ناونیشانە چۆن ئاساییە؟ دەکرێ نووسەری وتارەکە بگەڕێتەوە سەر ناونیشانی شیعری شاعیرانی کورد لە قۆناعی هەفتاکان و پێشووتر و دواتریش، ئەو کات بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ناونیشانە چەند بە مەبەست و شاراوە، بۆ ئەو کۆمەڵە شیعرە دانراوە. بە گشتی ناونیشان لە شیعری شاعیرانی ئەو کاتدا، ناونیشانی سادە و ڕۆمانسی بوونە، کە هەموو

خوێنەرێك تێی بگات. بۆ نموونە بەشێك لە ناونیشانە شیعرییەکانی شیعری کوردی ئەمانەن:_( تریفەی هەڵبەست/ فرمێسك و زام/ شەوانی تەنیایی/ ژووانی دابڕان/ پشکۆکان ئەگەشێنەوە/ سەمای بەفری ئێواران/ دووکەڵ/ شیبای ئەوین/ زریان/ پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی/ قژی ئەم کچە ڕەشماڵی گەرمییان و کوێستانمە/ ڕۆژان ئەڕواو تۆ هەر خۆشەویستی منی ) ئەمانە و زۆری تر، ناونیشانی شیعری ئەو سەردەمەن. ئایا زێوان بە بەراورد لەگەڵ ئەو ناونیشانە دیار و ڕوونانە ئاساییە؟ نووسەر بەردەوام دەبێت لە بارەی ئەزموونی ئەم شاعیرەوە و هەوڵدەدات لە پەراوێزی ڕاڤەکردنی چەند کۆپلە شیعرێك، دنیابینی سەباح ڕەنجدەر بخاتە ڕوو. بەلاّم بێ ئەوەی بیزانێت کەوتۆتە هەڵەوە. ئەو لە بارەی ئەو شیعرەی سەباح ڕەنجدەرەوە دەنووسێت:_( گوندەکەیان دوو جار لە شەست و سێ و هەفتا و پێنج ڕاگوێزراوە، کە ئەمەش دوو ڕووداوی زەقن لە مێژووی ژیانی شاعیر بۆیە هەر بە زیندوویی لە یادگەی ماونەتەوە) ناکرێت نووسەرێك زانیاریی لە بارەی

شتێکەوە نەبێت، بەلاَم قسەی لە بارەوە بکات. بە تایبەتیش لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە دنیایەك زانیاریی لە هەموو ڕوویێکەوە دەوێت. سەباح ڕەنجدەر، دوو ساڵ دوای ڕووداوی حەڕەس قەومییەکان، واتا ساڵی ١٩٦٥ لەدایك بووە. ئیدی نازانم چۆن ئەو ڕووداوە، لە مێژووی ژیانی شاعیر بینراوە و کاری لیَ کردووە؟! هاوکات لە هەفتا و پێنجیش، ئەو تەنها تەمەنی دە ساڵ بووە. ئەمە دەریدەخات کە خوێندنەوەی شیعری ڕەنجدەر، بە هەمان ئەو میتۆدەی شیعری شاعیرانی تر، دەمانخاتە چ هەڵە و بیَ ئاگایەکی گەورەوە. شاعیر باسی مێژووی ژیانی خۆی ناکات، بەڵکو باسی مێژووی نەتەوەیەك و خاکێك دەکات، کە دەیان جار سووتماك کراوە . ئەم جۆرە خوێندنەوەی شاعیر، وایکردووە کە نووسەر لە چەندین شوێنی وتارەکەیدا، بە هەڵە لە شیعری ئەو شاعیرە بگات.

بۆ نموونە سەباح ڕەنجدەر دەڵێت:

## منداڵیم  له ڕاوه ماسی و
## کۆلاره هه‌ڵدان و
## هێلکه شکاندن داماڵدرا

خالید عه‌بدل، له ڕاڤه‌ی ئه‌م وێنه شیعریه‌دا ده‌نووسێت:_( شاعیریش لاساریی کردووه و هێلکه‌ی شکاندووه، چونکه منداڵ ڕه‌وایه‌تی به هه‌موو شتێك ده‌دات)  به هیچ شێوه‌یه‌ك مه‌به‌ستی ڕه‌نجده‌ر له‌و وێنه شیعرییه‌دا، ئه‌وه نییه که نووسه‌ر تێی گه‌یشتووه. به‌ڵکو مه‌به‌ست له بێ به‌ش بوونییه‌تی له دنیای منداڵی و هه‌موو ئه‌و جوانییانه‌ی له‌و ته‌مه‌نه‌دا، مرۆڤ به‌ریده‌که‌وێت. داماڵدرا، واتا وه‌ك هه‌ر منداڵێکی دیکه نه‌یتوانیوه چێژ و خۆشی له دنیای منداڵی خۆی ببینێت جا به هه‌ر هۆکارێکه‌وه بێت. داماڵین، کردارێکه له ده‌ره‌وه‌ی ویست و خواستی مرۆڤ خۆی، وه‌ك ئه‌وه‌ی ژیان به ئاراسته‌یه‌کی دیکه‌ی جیا له ئاره‌زووی ئه‌و بچێت. هه‌رگیز له شیعری ئه‌ودا، وشه هه‌مان ئه‌و مانایه‌ی نییه، که له ڕه‌هه‌ندی واتایی خۆی دایه. باوك له شیعری ئه‌ودا، هێما نییه بۆ باوکی فیزیکی، لای ئه‌و

شاعیره، وشه بارگاوی دەکرێ به دەیان مانای دیکه، که له دەرەوەی تێگەیشتنی من و خالید عەبدولیش دایه. خاڵێکی دیکه هەر لەبارەی شیعری ئەو شاعیرەوە بۆ من جێی سەرنج بوو ئەویش ئەوەیه، کاتێ خالید عەبدل دەنووسێت:_( زمانی شیعری سەباح ڕەنجدەر زمانێکی ناسك و جوانه) بێگومان ئەم بۆچوونەی بۆ هەر سێ شاعیرەکەی تر دروسته و بابەتییه، بەڵام بۆ سەباح ڕەنجدەر، نەخێر. هیچ شاعیرێکی کورد، له سەردەمی گۆرانەوە تاکو ئێستا، وەك ئەم شاعیره، زمانی شیعری ئاڵۆز و کۆد ئامێز و پڕ له مەدلولی شاراوە نییه. زمانی شیعری ئەم شاعیره، نەك ناسك و ڕۆمانسی نییه، بەڵکو زمانێکی مەعریفی و بابەتی قووڵە و ڕەگەکانی دەچنەوە نێو ئایین و فەلسەفه و ڕوحیانییەت و چەندین ئاماژەی تر، که هەموویان له شیعری ئەودا هەن. ئەگەر زمان له شیعری ئەودا ئاسان بووایه، ئێستا ئەویش دەبووە شاعیرێکی باوی ئەو سەردەمه، له کاتێکدا به پێچەوانەوەیه. ئەزموونی ڕەنجدەر، ئەزموونێك نییه تیایدا وەك خالید عەبدل دەڵێت

خوێنەرەكانی ماندوو نەكات و بە زمانێكی سادە پەیامەكەی بگەیەنێت. شیعر لای ڕەنجدەر، جۆرێكە لە مەعریفە، بەر لەوەی ئستاتیكا و چێژ بێت. ئەم شاعیرە، بۆ چێژ و جوانی شیعر نانووسێت، بەڵكو شیعر وەك ژانرێكی دیكەی فیكر و مەعریفە دەبینێت و لە هەمووشی گرنگتر، شیعری گەردوونییە كە لە دەرەوەی هەموو سنوورێكی جوگرافی و فیكری بازنەیەكی دیاریكراو دابێت. بۆیەشە دەبینین، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی لە شیعری ئەم شاعیرە دەگەن. بە درێژایی مێژووی شیعر لە نێو ئێمەدا ، تێگەیشتنێكی جێگیر و دیاریكراو بۆ شیعر هەیە، كە دەبێ سەدان هەزار خوێنەر و بینەری هەبێت. وەك ئەوەی یاری زۆرانبازیی بێت. ئەم ڕوانینە بۆ هەموو قۆناغەكان گونجاو و بابەتی بێت، بۆ شیعری ئێستا كە شیعری دوای مۆدێرنەشە، گونجاو نییە. شیعر لە ئێستادا ئەزموونێكی خودییە لەوەی بابەتی بێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەزموونی ڕەنجدەر ئەزموونێكی تایبەتە. بە بڕوای من ئەم ئەزموونە، تەنها شوناسی ئەزموونێكی تایبەت

هەڵدەگرێت کە ڕەنگدانەوەی زمانی تایبەتی و دنیابینی تایبەتی و بە شیعرکردنی هەموو شتەکانی نێو گەردوونە. بە شیعرکردنێك، کە مانا تیایدا ئەوەندە قووڵە کە بە خوێنەوەیەك و بگرە چەندین ساڵیش، خوێنەر نەتوانێت بگاتە خاڵی کۆتایی. ئەمەشە ماهییەتی شیعری ڕاستەقینە کە زەمەن و شوێن نا ناسێت. هەر شیعرێك بووە بەشێك لە زەمەن و واقیعێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆژیی، ئیدی بە کۆتایی هاتنی واقیعەکە، ئەزموونە شیعرییەکەش باوی نامێنێت و لە پەیام و مانا دەکەوێت. بەڵام ئەزموونی تایبەتی سەباح ڕەنجدەر، لە زێوانەوە دەست پێ دەکات و تا سەرەتا وشە بوو، بەردەوامی هەیە. تەنانەت هەر خوێنەرێك بە وردی سەرنجی لەو ئەزموونە دابێت، دەیناسێتەوە و دەزانێت کێ لاسایی دەکاتەوە. ئیدی نازانم نووسەر چۆن بوێری ئەوەی هەبووە کە ئەزموونی ئەم شاعیرە، لە چوارچێوەی ئەزموونە شیعرییەکانی سێ شاعیرەکەی تر، پۆلێن بکات، کە ئاسمان و ڕێسمان جیان لە یەکتری.

دوا جاریش نووسەر دەنووسێت:_( ڕۆمان بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێك).تەنها ئەو پرسیارە دەکەم، ئەگەر ڕۆمان لە کۆمەڵە چیرۆکێك پێکهاتبیت، ئەوا ڕۆمانە یان کۆمەڵە چیرۆك؟

بەر لەوەی کۆتایی بەوتارە بێنم، دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە هێشتا سەدان هەڵەی زمان و دەربڕین لە نووسینەکەی ئەو بەڕێزەدا هەن، کە ئەگەر بەردەوام بووواینە لە دەرخستنیان، ئەوا وتارەکەمان یەکجار یەکجار درێژ دەبووەوە. بە داخەوە نووسەر بەم وتارەی، نەك هەر شتێکی نوێی نەخستە سەر ئەزموونی شیعری ئەم چوار شاعیرە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان، لە ئەزموونەکەشی دان. بە تایبەتیش ئەزموونی (شاکەلی و ڕەنجدەر) کە پێگەیەکیان لە شیعری کوردیدا هەیە. هیوادارم، ئەمە یەکەم و دوا بابەتی بێت، لە بارەی لێکۆڵینەوە لە شیعری کوردی، بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەی زیاتر لە داهاتوودا.

سەرنج:

دژە باوەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، وتارێکی (خالید عەبدل) بوو، کە بە چوار بەش لە ڕۆژنامەی هەولێر لە ڕۆژانی ٢٣ تاکو ٢٠٢٠/٦/٢٩ بلاّوکرایەوە. ئەم نووسینەی ئێمەش، کە وەلاّم و بە دواداچوونێك بوو بۆ نووسینەکەی ئەو، بە هەمان شێوە بە هەفت بەش لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارەکانی (٢٣٦٧_٢٣٧٠_٢٣٧١_٢٣٧٤_٢٣٧٧_٢٣٨٢_٢٣٩٩) لە ڕۆژانی ١١/٨ تاکو ١٢/٢٧/ ٢٠٢٠، بلاّوکرایەوە. بابەتەکە، چونکە پەیوەندی بە قۆناغەکانی شیعری کوردی و ئەزموونی شاعیرانی کوردەوە هەیە، ئیدی بە پێویستم زانی وەك نامیلکەیەکی سەربەخۆ، چاپ و بلاّوی بکەمەوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١_ زمان و شێوەزارەکان/ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

٢_ سێبەری وشە/ کۆمەڵە وتار..

٣_ ڕوانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٤_ شاعیرێك لە نێوان مەرگ و ژیاندا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٥_ گەران بە دوای جیهانێکی دیکەدا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٦_ لە غوربەتی شوێنەوە بۆ غوربەتی ڕوح/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٧_ لەو دیو پەیڤەکانەوە/ لێکۆلینەوەی ئەدەبی.

٨_ پەیڤەکان دەدوێن/ خوێندنەوەو ڕانانی کتێب.

١٠_ لە سێبەری کتێبدا/ خوێندنەوەو ڕانانی کتێب.

١١_ کۆرۆنا/ کورتە وتار.

١٢_ پەروەردەی ڕواندز لە دە ساڵەی تەمەنیدا/ ناساندن.